https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2253.18

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە مامەڵەیەکی شکۆمەندانە
# (توێژینەوەیەکی شیکاری - بەراوردکارییە)

نهلە سیسو عبدالله
زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سۆران
nahla.abdullah@law.soran.edu.iq

پ. ی. د. عبدالله فاضل حامد
زانکۆی دهۆک/ کولێژی یاسا
Abdaullah.mirany@uod.ac

**پوختــە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی ناوەڕۆکی مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە مامەڵەیەکی شکۆمەندانە. تیشک خستنە سەر ئەم بابەتە لە کاتێدایە ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاری ئافرەتی بیانی لە بواری کاری ناومال لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، بەڵام یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی کارکردنی کرێکارانی بواری کاری ناوماڵ بە تایبەت کرێکارە بیانییەکانی ئەم بوارە نییە تاوەکو مافەکانیان دەستەبەربکات لەسەرووی هەمووشیانەوە مافی مامەڵەی شکۆمەندانە. لەم سۆنگەیەوە لێکۆڵینەوەکە هەوڵی دەستنیشانکردنی کەلێن و کەموکورتییە یاساییەکان و چارەسەرکردنیانی داوە، ئەمەش بە پشتبەستن بە میتۆدەکانی شیکاری و بەراوردکاری. بە مەبەستی چوونە نێو قوڵایی بابەتەکە، ناوەڕۆکی توێژینەوە بەسەر دوو باسدا دابەشکراوە. باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی چەمکی مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە مامەڵەیەکی شکۆمەندانە. لە باسی دووەمدا تیشک دەخرێتە سەر ناوەڕۆکی مافی مامەڵەی شکۆمەندانە. لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجام و ڕاسپاردەکان خراونەتەڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ، مامەڵەی شکۆمەندانە، شکۆمەندی لە شوێنی کارکردن، ژیانی تایبەت، کەسایەتیی یاسایی.

# مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە مامەڵەیەکی شکۆمەندانە

## (توێژینەوەیەکی شیکاری - بەراوردکارییە)

### ١. پێشـەکی

لە بنەڕەتدا "شکۆمەندی لە شوێنی کار" لە بیرۆکەی شکۆمەندیی مرۆڤ سەرچاوەی گرتووە، کە لەوەتەی هەیە مافێکی وابەستەیە بە مرۆڤەوە، پێداویستییەکی سەرەکییە بۆ ڕۆحی مرۆڤ و مافێکی دانپێنراوە لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤی ساڵی (١٩٤٨). لەبەرئەوە سوکایەتیکردن بە شکۆمەندیی مرۆڤایەتی بە دەستدرێژیکردنە سەر کەسایەتی و کیانی هەر مرۆڤێک دادەنرێت، کە وابێت ئەگەری پێشێلکردنی مافی شکۆمەندیی کرێکار زیاترە لە سەرووی هەمووشیانەوە کرێکارانی بواری ناوماڵ بە تایبەت کرێکارە ئافرەتە بیانییەکان، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەمانی هاوسەنگیی گرێبەستی و پێگەی لاوازی کرێکاری ئافرەت لەلایەک، و نامۆیی لە دەوڵەتێکی بیانی و سروشتی شوێنی کارەکەی کە ماڵی خاوەنکارە لەلایەکی تر.

### ١.١ ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەبەرباسی یەکێکە لە گرنگترین مافەکانی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ، کە بریتیە لە مافی مامەڵەکردنێکی شکۆمەندانە لەلایەن خاوەنماڵ و ئەندامانی خێزانەکەی. لە میانەی توێژینەوەکە باس لە ناوەڕۆکی ئەم مافە دەکرێت لە ژێر ڕۆشنایی یاسا نیشتیمانییەکان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان.

## ٢.١ گرنگیی توێژینەوە

باسکردنی مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە مامەڵەی شکۆمەندانە لەژێر سایەی ئەو ئەحکامە یاساییانەی کەوا لەو چەند ساڵەی دوایی لە یاسا بەراوردکارەکانی توێژینەوە دەرکەوتوون لەلایەک و ئەو پێوەرە نێودەوڵەتییانەی پەیوەستن بە پاراستنی مافەکانی کرێکاری ناوماڵ لەلایەکی تر، و سوود لێوەرگرتنیان بە ئاراستەی تێگەیشتن و دیاریکردنی ناوەڕۆکی مافەکە و چۆنیەتیی فەراهەمکردنی پاراستنی یاسایی بۆ مافەکە لەلایەن یاسادانەری کوردستانی گرنگیی توێژینەوەمان بۆ دەردەخات. هەروەها نووسین و بەئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە لە کاتێکدایە کە وەک پێویست توێژینەوە لە سەر ئەم بابەتە ئەنجامنەدراوە، لە کۆتاییدا هەوڵێکی لەو جۆرە دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی لەو بوارەدا هەیە.

## ٣.١ کێشەی توێژینەوە

کاری ناوماڵ زیاتر بە کارێکی ئافرەتانە دەناسرێت، و جیادەکرێتەوە لە کارە پیشەسازییەکان بەوەی کارێکی شاراوەیە بە حوکمی ئەوەی لەنێو ماڵی خاوەنکار و دوور لە چاودێریی دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەنجامدەدرێت. هەموو ئەمانەش هۆکارن بۆ زیادبوونی پێشێلکارییەکانی دژ بەم چینەی کرێکاران بە تایبەت ئافرەتە بیانییەکان، چونکە بەهۆی نامۆییان لە دەوڵەتی میواندار و مانەوەیان لە نێو ماڵی خاوەنکار زیاتر ڕووبەڕووی پێشێلکاری دەبنەوە وەک لە کرێکارە نیشتیمانییەکان لەسەرووی هەمووشیانەوە پێشێلکردنی مافی مامەڵەی شکۆمەندانە لە شوێنی کارکردن. لەم سۆنگەیەوە، بە مەبەستی کەمکردنەوەی پێشێلکارییەکان، ژمارەیەک وڵات یاسای تایبەتیان بۆ کرێکارانی بواری کاری ناوماڵ دەرکردووە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە کوردستان جگە لە چەند

بەندێکی تایبەت بە کرێکاری ناوماڵ لە ڕێنمایی کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٥)، یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی کاری ناوماڵ و دەستەبەرکردنی مافەکانی کرێکارانی بواری خزمەتی ناوماڵ بوونی نییە لەکاتێکدا زۆرینەی کرێکارانی ئەم بوارە ئافرەتانی بیانیین. لەلایەکی تر، ئەو پارێزگارییە یاساییەی لە یاسای کاری عێراقی ژمارە (٣٧)ی ساڵی (٢٠١٥) دا هەیە کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە کوردستان ناگرێتەوە، چونکە یاسای ناوبراو لە کوردستاندا بەرکار نییە، بەڵکو هێشتا کار بە یاسای کاری عێراقی پێشوو دەکرێت کە یاسای ژمارە (٧١)ی ساڵی (١٩٨٧) ـە. بۆیە لەمیانەی ئەم توێژینەوەیە ئەو کەموکورتی و کەلێنە یاساییانەی کەوا هەن لە ڕووی دەستەبەرکردنی مافی مامەڵەی شکۆمەندانە بۆ کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ دەخرێنەڕوو، و هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدرێت.

## ٤.١ خوێندنەوەی سەرچاوەکانی پێشوو

دوای گەڕان و وردبوونەوە لەو توێژینەوانەی پێشتر ئەنجامدراون و پەیوەندیدارن بە بابەتی توێژینەوەکەمان بۆمان دەرکەوت کەوا هیچ توێژینەوەیەک بەم ناونیشانە (مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە مامەڵەیەکی شکۆمەندانە) بەردەست نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە و بەردەستە چەند توێژینەوەکی کەمن لەسەر هەندێک لەو  بڕگانەی کەوا ئەم توێژینەوەیە لەخۆیان دەگرێت، بۆیە لێرەدا بە مەبەستی بەدەرخستنی جیاوازی و تازەگەریی توێژینەوەکەمان ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

١- "حقوق عمال الخدمة المنزلية ومن في حكمهم" کتێبێکە لەلایەن (د. حسام الدين محمود محمد حسن) نوسراوە، کە لە ساڵی (٢٠٢٠) لەلایەن (مركز الدراسات العربية للنشر والتوزيع) لە وڵاتی مصر چاپ و بڵاوکراوەتەوە؛ نووسەر لە کتێبەکەیدا تیشکی خستووەتە سەر گرێبەستی

کاری ناوماڵ و ماف و پابەندییەکانی کرێکاری ناوماڵ بەگوێرەی ڕێسا گشتییەکانی یاسای مەدەنیی مصری، بەهۆی ئەوەی کرێکارانی ناوماڵ هەڵاوێردەکراون لە یاسای کاری وڵاتەکە، و یاسایەکی تایبەت بەم چینەی کرێکاران لە وڵاتەکەدا نییە. جیاوازیی توێژینەوەکەمان لەگەڵ کتێبی ئاماژەپێکراو لەوەدایە؛ لە میانەی توێژینەوەکەمان هەوڵدەدرێت چەمکی مامەڵەی شکۆمەندانە و ناوەڕۆکی مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە مامەڵەیەکی شکۆمەندانە بە دیدێکی بەراوردکارانە دیاریبکرێت و شیبکرێتەوە، سەرەڕای خستنەڕووی هەڵوێستی یاسا بەرکارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە.

٢- "خصوصية التنظيم القانوني لعمل المرأة في مجال الخدمة المنزلية"، توێژینەوەیەکە لەلایەن توێژەر (د. محمد محمد القطب مسعد سعيد) نووسراوە، لە ساڵی ٢٠١٩ لە [مجلة الشريعة والقانون] بڵاوکراوەتەوە؛ تیایدا توێژەر تیشکی خستووەتە سەر ڕێکخستنی یاسایی کاری ئافرەت لە بواری کاری ناوماڵ، و باسی لە واقعی وڵاتی مصر و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی کردووە. جیاوازیی توێژینەوەکەمان لەگەڵ توێژینەوەی ناوبراو لەوەدایە، توێژینەوەکەمان بە دیاریکراوی تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە مامەڵەیەکی شکۆمەندانە بە دیدێکی بەراوردکارانە، و هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی و کوردستانی لەبارەی ناوەڕۆکی مافەکە دەخرێتەڕوو.

### ٥.١ پرسیاری توێژینەوە

لە میانەی توێژینەوە هەوڵدەدرێت وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدرێتەوە:

١- مەبەست چییە لە مافی مامەڵەی شکۆمەندانە؟ و ناوەڕوکی مافەکە چ لەخۆدەگرێت؟

٢- یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکانی عێراق و کوردستان و یاسا بەراوردکارەکان چۆن باسیان لە ناوەڕۆکی مافی مامەڵەی شکۆمەندانە کردووە بۆ کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ؟ ئایا لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان گونجاوە؟

### ٦.١ میتۆدی توێژینەوە

بۆ گەیشتن بە مەبەستی توێژینەوە، پشت بە هەردوو میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری دەبەستین. میتۆدی شیکاری بەکارهێنراوە لە میانەی خستنەڕووی دەقە یاساییەکان و بۆچوونە جیاوازەکان و شیکردنەوەیان. هەروەها میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێنراوە لەمیانەی خستنەڕووی هەڵوێستی یاسای عێراقی و کوردستانی، و هەڵوێستی یاسای هەندێ لە ویلایەتەکانی ئەمەریکا و ئوردن و ئیمارات، هەروەها هەڵوێستی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان. هۆکاری هەڵبژاردنی یاسای ئەم وڵاتانە وەک یاسای بەراوردکار دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وڵاتە ناوبراوەکان یاسای تایبەتیان دەرکردووە سەبارەت بە ڕێکخستنی کاری کرێکارانی ناوماڵ و پاراستنی مافەکانیان کە دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت بە ئاڕاستەی دەستەبەرکردنی مافی مامەڵەی شکۆمەندانە بۆ کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە هەرێمی کوردستان و عێراق، و دەستنیشانکردنی ئەو کەلێن و کەموکورتییە یاساییانەی کە لەم لایەنەوە هەن بەراورد بە یاسای وڵاتە ناوبراوەکان.

## ٧.١ پلانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بە پێشەکی دەستپێدەکات، و ناوەرۆکەکەی بەسەر دوو باسدا دابەشکراوە. باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی چەمکی مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە مامەڵەیەکی شکۆمەندانە، کەوا دوو تەوەرە لەخۆیدەگرێت، کە بریتین لە: چەمکی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ، و چەمکی مامەڵەی شکۆمەندانە. لە باسی دووەمدا تیشک دەخرێتە سەر ناوەرۆکی مافی مامەڵەی شکۆمەندانە، کەوا بەسەر سێ تەوەرەدا دابەشکراوە: سەلامەتبوون لە دەستدرێژیی جەستەیی و دەروونی، ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەت و کەسایەتیی یاسایی، کارکردن لە ژینگەیەکی ماڵ-ی پاک و تەندروست. لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجام و ڕاسپاردەکان دەخرێنەڕوو.

## ٢. چەمکی مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە مامەڵەیەکی شکۆمەندانە

بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی چەمکی مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە مامەڵەیەکی شکۆمەندانە، وا پێویست دەکات چەمکی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لەلایەک، و چەمکی مامەڵەی شکۆمەندانە لەلایەکی تر باسبکرێن، بۆیە ئەم باسەمان بەسەر دوو تەوەرەدا دابەشکردووە؛ تەوەرەی یەکەم تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە چەمکی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ، و لە تەوەرەی دووەمدا تیشک دەخرێتە سەر چەمکی مامەڵەی شکۆمەندانە.

## ٢.١ چەمکی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ

لەم تەوەرەدا لە دوو لق دا تیشک دەخرێتە سەر پێناسەی کرێکاری ئافرەتی ناوماڵ، و دیاریکردنی سیفەتی بیانی بۆ کرێکاری ئافرەتی ناوماڵ.

### ٢.١.١ پێناسەی کرێکاری ئافرەتی ناوماڵ

سەبارەت بە پێناسەکردنی کرێکاری ناوماڵ لە ماددەی (١/ب) لە ڕێککەوتننامەی ژمارە (١٨٩)ی ساڵی (٢٠١١) کە پەیوەستە بە "کاری شیاو بۆ کرێکارانی ناوماڵ"دا هاتوو [١]؛ کرێکاری ناوماڵ؛ "هەر کەسێکە کەوا کاریپێدەکرێت لە کاری ناوماڵ لە چوارچێوەی پەیوەندیی کارپێکردن". کەواتە بەگوێرەی ئەم پێناسەیە کرێکاری ناوماڵ هەر کەسێک دەگرێتەوە کەوا بە گوێرەی گرێبەستێک لەلای کەسێکی تر لە بواری کاری ناوماڵ کاردەکات.

لەلایەکی ترەوە، بە گەڕانەوە بۆ یاسای کاری عێراقی ژمارە (٣٧)ی ساڵی (٢٠١٥) دەبینین پێناسەی کرێکاری ناوماڵ نەکراوە، بەڵام لە ڕێنمایی کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٥) پێناسەی کرێکاری ناوماڵ کراوە بەوەی "هەر کەسێک بەکرێ گیرابێ بۆ کاری ناوماڵ (کارکردن لە ماڵ) لە چوارچێوەی گرێبەستی کاردا، ئەگەرهاتوو (پیاو بێ یان ژن)" [٢]. کەواتە ئەم پێناسەیە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کەوا لەنێو دامەزراوە تایبەت و گشتییەکاندا کاردەکەن، هەرچەندە کارەکەیان سروشتێکی ماڵیی هەبێت، و بەگوێرەی بڕگەی کۆتایی پێناسەکە کاری ناوماڵ تەنیا تایبەت نییە بە ئافرەتان، بەڵکو هەندێک جۆری کاری ناوماڵ هەیە لەلایەن پیاوانەوە ئەنجامدەدرێت وەک؛ باغەوانی، پاسەوانی، شوفێری تایبەت... هتد.

هەر لەم بارەیەوە، لە یاسای ویلایەتی ئۆرگن (Oregon) ی ئەمەریکی "تایبەت بە کرێکارانی ناوماڵ "دا هاتووە؛ "مەبەست لە کرێکاری ناوماڵ هەر کەسێکی سروشتییە کەوا لەنێو ماڵی کەسێکی تر کاردەکات بە مەبەستی چاودێریکردنی منداڵ یان ئەنجامدانی کاروباری ماڵ یان ئەنجامدانی هەر خزمەتێکی تری ناوماڵ کە بە موڵکی گشتی قەرەبوو ناکرێتەوە"[٣]. کەواتە بەگوێرەی بڕگەی کۆتاییی پێناسەکە، ئەو کەسانە بە کرێکاری ناوماڵ هەژمارناکرێن کەوا لەنێو دامودەزگای حکومەت کاردەکەن و مووچە لە حکومەت وەردەگرن هەرچەندە کارەکەیان سروشتێکی ماڵیی هەیە، بۆ نموونە؛ وەک ئەو کارگوزارەی لە دامەزراوەیەکی کەرتی گشتی (حکومی) کاردەکات.

هەر دەربارەی پێناسەی کرێکاری ناوماڵ، مادده (١) لە یاسای کرێکارانی خزمەتی هاریکاریی ئیماراتی ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠١٧) پێناسەی کرێکاری ناوماڵی کردووە بەوەی؛ " کەسێکی سروشتییە کەوا خزمەتی هاریکاری ئەنجامدەدات لە بەرانبەر کرێیەکی گشتگیر لە ژێر بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی و ئاڕاستەی خاوەنکار". مەبەست لە خزمەتی هاریکاری (خزمەتی ناوماڵ) بەگوێرەی ماددەی ئاماژەپێکراو؛ ئەو خزمەتەیە کەوا کرێکار لە بەرژەوەندیی خاوەنکار و خێزانەکەی ئەنجامیدەدات لە شوێنی کارکردن. کەواتە بە پێچەوانەی یاسادانەری کوردستانی، یاسای ئیماراتی بە مەرجی دانەناوە کارەکە لە نێو ماڵ ئەنجامبدرێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کارەکە لە بەرژەوەندیی خاوەنماڵ و خێزانەکەی ئەنجامبدرێت لە شوێنی کارکردن لە کاتێکدا بەگوێرەی هەمان ماددەی ئاماژەپێکراو مەبەست لە شوێنی کارکردن بریتییە لە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی یان کاتیی خاوەنماڵ و خێزانەکەی لەوانەش کێڵگەی تایبەت.

لەلایەکی ترەوە، بەگوێرەی پەیڕەوی کرێکاری ناومالآن و چێشتلێنەرەکان و باغەوانەکان و ئەوانەی لە حوکمی ئەوانن- یاسای ئوردنی ژمارە (٩٠) ی ساڵی (٢٠٠٩) ی هەموارکراو، مەبەست لە کرێکار لە یاساکەدا " کرێکاری ناوماڵ یان چێشتلێنەر یان باغەوان یان هاوەڵی نەخۆش یان ئەوانەی لە حوکمی ئەوانن کەوا بە شێوەیەکی بەردەوام لە خزمەتی خاوەنماڵ کاردەکەن"[٤]. کەواتە ئەم پێناسەیە، ئەو کرێکارانە ناگرێتەوە کەوا بە شێوەیەکی کاتی و پچڕپچڕ لە ناو مالآندا کاردەکەن وەک ئەو کرێکارەکەی هەفتانە چەند کاتژمێرێک کاری پاککردنەوە لە نێو ماڵێکدا ئەنجامدەدات.

وەک دەردەکەوێت لە پێناسە ئاماژەپێکراوەکان بە شێوەیەکی گشتی پێناسەی کرێکاری ناوماڵ کراوە و پێناسەکان پوخت نین، بۆیە لێرەدا دەتوانین پێناسەی کرێکاری ئافرەتی ناوماڵ بکەین بەوەی "هەر ئافرەتێکە کەوا هەڵدەستێت بە کارێک لە کارەکانی ناوماڵ بۆ بەرژەوەندیی خاوەنکار و خێزانەکەی بەگوێرەی گرێبەستی کارکردنەکەی".

### ٢.١.٢ دیاریکردنی سیفەتی بیانی بۆ کرێکاری ئافرەتی ناوماڵ

بێگومان هەر دەوڵەتێک ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە سەبارەت بە دیاریکردنی سیفەتی بیانی بۆ ئەو کەسانەی دێنە ناو هەرێمەکەیەوە، و دیاریکردنی ئەم سیفەتە لە ڕێگەی یاساکانی پەیوەست بە هاتنەژوورەوە و نشینگەی بیانییەکان دەبێت لە بەشێک لە وڵاتان لەوانەش عێراق و ئوردن و ئیمارات، ئەرکی یاساکانی ڕەگەزنامە لەو وڵاتانە کورتدەبێتەوە لەسەر ئەوەی کێ بە هاونیشتمانی دادەنرێت نەوەک بیانی، کە ئەمەش ڕێگایەکی نەرێنییە بۆ دیاریکردنی سیفەتی بیانی (الحداد، ٢٠٠٥، ٣٧٩ ، پەراوێزی ژ. ١). لەم سۆنگەیەوە، بە گوێرەی یاسای نشینگەی بیانییەکان- ی عێراقی ژمارە (٧٦)ی ساڵی (٢٠١٧)؛ بیانی یاخود بێگانە بە کەسێک

دەوترێت، کەوا هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نەبێت[٥]. هەروەها لە ماددەی (١/ ٢٣) لە یاسای کاری عێراقی ژمارە (٣٧)ی ساڵی (٢٠١٥) دا هاتووە؛" کرێکاری بیانی هەر کەسێکی سروشتی دەگرێتەوە کەوا هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نەبێت لە عێراق کاردەکات یاخود خوازیارە لە عێراق کاربکات بە سیفەتی کرێکار، نەوەک سەربەخۆ کاربکات (واتە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە خاوەن ئیشی خۆیانن و بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاردەکەن)". هەرچی سەبارەت بە یاسای کاری ژمارە (٧١)ی ساڵی (١٩٨٧) کەوا لە هەرێمی کوردستان بەرکارە پێناسەی کرێکاری بیانی نەکراوە، بەڵام ماددەی (٤/١) لە ڕێنمایی کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٥) پێناسەی کرێکاری بیانی کردووە بەوەی؛ "هەر کەسێکە کەوا هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نییە و ئارەزووی کارکردن بکات لە هەرێمی کوردستان بە سیفەتی کرێکار لە کەرتی تایبەت یان تێکەڵاو یان هاریکاری". کەواتە بەگوێرەی دەقە ئاماژەپێکراوەکان لە یاسای عێراقی و کوردستانی، بیانی ئەو کەسەیە کە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نییە بەگوێرەی ئەحکامەکانی یاسای ڕەگەزنامەی عێراقیی ژمارە (٢٦)ی ساڵی (٢٠٠٦).

لەلایەکی ترەوە، لە ماددەی (٢) لە یاسای نشینگە و کاروباری بیانییەکان-ی ئوردنی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٧٣) دا هاتووە؛ "بیانی هەر کەسێکە کەوا هەڵگری ڕەگەزنامەی ئوردنی نەبێت". هەروەها بەگوێرەی ماددەی (١) لە یاسای "هاتنە ناوەوە و نیشنگەی بیانییەکان"-ی ئیماراتی ژمارە (٦)ی ساڵی (١٩٧٣)، هەر کەسێک هەڵگری ڕەگەزنامەی دەوڵەتی ئیمارات نەبێت بە بیانی دادەنرێت. کەواتە بەهەمان شێوەی عێراق، ئوردن و ئیماراتیش ڕەگەزنامەیان کردووەتە پێوەر بۆ ئەوەی کەسێک (کرێکاری ئافرەتی ناوماڵ) بە بیانی دابنرێت.

سەبارەت بە یاسای ئەمریکی، لە یاسای کۆچ و ڕەگەزنامەی وڵاتەکەدا هاتووە، بیانی یاخود بێگانە (alien)؛ "هەر کەسێکە کەوا هاووڵاتی (citizen) یان هاونیشتیمانیی (national) ویلایەتە یەکگرتووەکان نەبێت" [٦]. هەر بە گوێرەی یاسای ناوبراو مەبەست لە هاونیشتیمانیی (national) ویلایەتە یەکگرتووەکان بریتیە لە " هاووڵاتی (citizen) ویلایەتە یەکگرتووەکان، یان ئەو کەسەی کە هەرچەندە هاووڵاتی (citizen) ویلایەتە یەکگرتووەکان نییە، بەڵام دڵسۆزییەکی هەمیشەیی بۆ ویلاتە یەکگرتووەکان هەیە"[٧]. کەواتە بەگوێرەی یاسای ناوبراو هەموو هاووڵاتییەکی ئەمەریکی (US citizen) لە هەمانکاتدا بە هاونیشتیمانیی ئەمەریکی (US national) دادەنرێت، بەڵام هەندێک لە هاونیشتیمانییە ئەمەریکییەکان (US national) بە هاووڵاتی وڵاتەکە (US citizen) دانانرێن، کە ئەوانەن لە ناوچە دوورەدەستەکانی ژێردەسەڵاتی ئەمەریکا ( outlying possessions of the United States) لەدایکبوون یاخود لە دایک یان باوکێکی خەڵکی ئەو ناوچانە لەدایکبوون. شایانی باسە، چەمکی ڕەگەزنامە (nationality) جیاوازە لە چەمکی هاووڵاتینامە (citizenship) لە وڵاتانی ئەنگلوسەکسۆنی لە نێویاندا ئەمەریکا، بەوەی؛ ڕەگەزنامە ئاماژەیە بۆ شوێنی لەدایکبوونی کەسێک، بەڵام هاووڵاتینامە لەلایەن دەوڵەتەوە دەبەخشرێت دوای تێپەڕاندنی ڕێکارە یاساییەکان و بە چەند ڕێگەیەک وەک: لەدایکبوون لە دایک و باوکێکی ئەمەریکی یان دایکبوون لە ئەمەریکا، هەروەها هەڵگرانی کارتی نشینگەی هەمیشەیی (کارتی سەوز-Green Card) دەتوانن داوای بەدەستهێنانی هاووڵاتینامەی ئەمەریکی بکەن...هتد Path2usa, 2022 & SGM Law Group Committed to Immigration, 2021). شایانی ئاماژەپێکردنە، بەگوێرەی بڕیارێکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ئەمەریکی/ بازنەی پێنجەم لە ساڵی (١٩٥٤)؛ ئەو کەسە دەبێتە هاووڵاتی (citizen) ی دەوڵەت ئەگەرهاتوو ماڵە جێگیر و

هەمیشەیی و ڕاستەقینەکەی و دامەزراوە سەرەکییەکەی تێدابێت و نیەتی گەڕانەوەی هەبێت بۆ دەوڵەتەکە کاتێک بەجێیدەهێڵێت ( Constitution Annotated, note 16, 2021). ئەم واتایەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ چەمکی نیشتیمانگە (domicile– الموطن[٨]) لە یاسای نێودەوڵەتیی تایبەت. وەک دەردەکەوێت یاسادانەری ئەمەریکی جیاوازی لە نێوان سێ کەسدا کردووە، کە پێکدێن لە بیانی یاخود بێگانە (alien)، هاووڵاتی (citizen)، هاونیشتیمانی (national). بەڵام بە گەڕانەوە بۆ یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی ژمارە (٢٦)ی ساڵی (٢٠٠٦) دەبینین تەنیا جیاوازی لە نێوان دوو کەسدا کردووە، ئەوانیش بریتین لە عێراقی و ناعێراقی، و بنەمای جیاکاریکردن لە نێوانیاندا بریتییە لە ڕەگەزنامە کە هاوتای هاووڵاتینامەیە لە سیستەمی یاسایی ئەمەریکا، بە زانینی ئەوەی یاساکانی ڕەگەزنامەی پێشووی عێراقی جیاوازییان لە نێوان بیانی و عەرەبدا کردبوو و چەند جیاوکێکی دیاریکراو بە عەرەب درابوو، بەمەش یاسای عێراقی جیاوازی لە نێوان سێ کەسدا کردبوو هاوشێوەی یاسای ئەمەریکی کە بریتی بوون لە عێراقی و عەرەب و بیانی، و بنەمای جیاکاریکردن لە نێوان بیانی و عەرەب بریتی بوو لە نەتەوە نەوەک شتێکی تر. لە کۆتاییدا بە گوێرەی ئەوەی باسکرا لە یاسای ئەمەریکی دەتوانین بڵێین ئەگەرهاتوو کرێکاری ئافرەتی ناوماڵ هەڵگری ڕەگەزنامە و هاووڵاتینامەی ئەمەریکی نەبێت (واتە نیشتیمانگەکەی لە ئەمەریکا نەبێت) ئەوا بە بیانی دادەنرێت بە پێچەوانەی یاسای عێراقی و ئوردنی و ئیماراتی کە تەنیا بە بیرۆکەی ڕەگەزنامەیان وەرگرتووە.

## ٢.٢ چەمکی مامەڵەی شکۆمەندانە

کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ مافی ئەوەی هەیە لە شوێنی کارەکەیدا (ماڵی خاوەنکار) بە شێوەیەکی شکۆمەندانە مامەڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت. مەبەست لە شکۆمەندی لە شوێنی کار

(الكرامة في مكان العمل-dignity in the workplace) ئەو بەها بنەڕەتییەیە کە دەبێت دانیپێبنرێت بۆ هەر کرێکارێک لەبەرئەوەی کرێکار بەر لە هەموو شتێک مرۆڤە نەوەک ئامراز و کالاَ ( Bal, 2017, pp. 74, 80). شکۆمەندی بەهایەکی ئەخلاقی-یاساییە کە شیاوی گرێبەست لەسەرکردن نییە، چونکە بە مرۆڤەکانەوە گرێدراوە بەجۆرێک هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە کەڵکی لێ وەردەگرن بە چاوپۆشین لە پێگەی کۆمەڵایەتییان یان جۆری ئەو پەیوەندییە گرێبەستییەی کە بەیەکتریان دەبەستێتەوە، و هیچ کەسێک بۆی نییە دایبماڵێت یان ڕەفتاری پێوەبکات یان دەستی لێ هەڵبگرێت، بەمەش ناکرێت خاوەنکار و کرێکار گرێبەستی لەسەر بکەن (بلعرج وعواد، ٢٠٢١، ١١٧).

بەڵام دیاریکردنی چەمکی شکۆمەندی لە شوێنی کار جێگەی مشتومڕە، بۆچوونێک پێی وایە کارکردن لە ژینگەیەکی کار-ی سەلامەت و تەندروست لەڕووی جەستەییەوە، واتای ئەوە دەگەیەنێت کرێکارەکە سوودمەندبووە لە شکۆمەندیی شوێنی کار (Bolton, 2007, 29).

بۆچوونێکی تر پێیوایە چەمکی شکۆمەندی لە شوێنی کارکردن وادەخوازێت کرێکار بپارێزرێت لە مەترسییە پیشەییەکان (مەترسییە جەستەیی و دەروونی و عەقڵییەکان) و کردارەکانی گێچەڵ و توندوتیژی، کە لەوانەیە لە شوێنی کارەکەی ڕووبەڕووی ببێتەوە، چونکە شکۆمەندی پەیوەندییەکی پتەوی بە بابەتی تەندروستیی شوێنی کارەوە (ماڵی خاوەنکار) هەیە (بلعرج وعواد، ٢٠٢١، ١١٦).

بەگوێرەی بۆچوونێکی تر مافی کرێکار (کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ) لە مامەڵەیەکی شکۆمەندانە کاتێک دێتەدی کە خاوەنکار بە باشی مامەڵەی لەگەڵدا بکات و ڕەچاوی پێداویستییەکانی پەیوەندیی مرۆڤانە بکات کە بریتین لە ڕەوشت و ڕێز، ئەمەش بە پێشێلنەکردنی مافەکانی

دەبێت بۆ نموونە؛ لێدان بەکارنەهێنێت، سوکایەتی پێنەکات، دەستبەسەر بەڵگەنامە فەرمییەکانیدا نەگرێت (سلیم، ٢٠١٣، ١٠٧).

جگە لە بۆچوونە فقهییەکان، دادگاش ڕۆڵی هەبووە لە ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی چەمکی شکۆمەندی لە شوێنی کارکردن، لەم بارەیەوە دادگای پێداچوونەوەی فەرەنسی لە بڕیارێکیدا کە لە ساڵی (٢٠١٢) دەریکردووە ئاماژەی بەوە کردووە؛ دابیننەکردنی بارودۆخی ماددی و مەعنەویی پێویست بۆ کرێکار لە پێناو بەجێگەیاندنی کارەکەی لەلایەن خاوەنکارەوە بە پێشێلکردنی شکۆمەندیی مرۆڤایەتیی کرێکارەکە دادەنرێت. هەروەها دادگای تێهەڵچوونەوەی مەغریب لە بڕیارێکیدا لە ساڵی (٢٠١٦) جەختی کردووەتەوە لەسەر ئەوەی؛ هەڵسانی خاوەنکار بە ئەنجامدانی گوشاری دەروونی و زارەکی بۆ سەر کرێکار بەبێ بوونی هیچ پاساوێک کە وای لێبکات دەستلەکاربکێشێتەوە، ئەوا بە دەستدرێژیکردنە سەر شکۆمەندیی کرێکار دادەنرێت (بلعرج وعواد، ٢٠٢١، ١١٨)[٩].

هەروەها لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ ڕۆژئاوای ئاسیا (ESCWA) کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە پێناسەی شکۆمەندی لە شوێنی کار دەکات بەوەی؛ مافی کرێکارە لەوەی بە ڕێز و شکۆوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بەتایبەتیش چێژوەرگرتن لە ژینگەیەکی کار-ی دوور لە گێچەڵی سێکسی یان هەر شێوازێک لە شێوازەکانی تر گێچەڵ و توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز (https://www.unescwa.org/sd-glossary/dignity-work).

لەلایەکی ترەوە، شکۆمەندی لە شوێنی کارکردن پێناسەکراوە بەوەی؛ مافی کرێکارە لەوەی ڕێزی لێبگیرێت و بە شێوەیەکی ئەخلاقیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، و بپارێزرێت لە هەراسانکردن یان گێچەڵپێکردن یان هەر

شێوازێک لە شێوازەکانی ڕێکارە تەمبێکارییەکان کە وادادەنرێن شێوازی ستەمکارانەن یان سوکایەتی و گاڵتەپێکردنی تێدایە، و ڕێز لە مافی کرێکارەکە لە تایبەتمەندی بگیرێت (مجموعة البناء المسؤول، ٢٠١٩).

هەر لەم بارەیەوە، لە پڕۆژە یاسایەکی وڵاتی بەریتانیا کەوا لە ساڵی (٢٠٠١) پێشکەشی پەرلەمانی وڵاتەکە کراوە لە ژێر ناونیشانی "شکۆمەندی لە کاردا" ئاماژەی کردووە بەوەی؛ خاوەنکار پێشێلی مافی شکۆمەندی لە کار-ی کرێکار دەکات ئەگەرهاتوو ڕووبەڕووی گێچەڵپێکردن یان هەراسانکردن ببێتەوە لەلایەن خاوەنکارەوە یان هەر کار و ڕەفتارێکی وا کە ببێتە هۆی ترساندن یان پەرێشانبوون و بێزاربوونی لە کارەکەیدا ( (Dignity at Work Bill 2001, sec. 1 (2) (١٠).

شایانی ئاماژەپێکردنە، بیرۆکەی "شکۆمەندی لە کار" لە ڕەهەندە یاسایی و ئەخلاقییەکەیدا لەگەڵ چەمکی "کاری شیاو" یەکدەگرێتەوە کە بە ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی دادەنرێت، چەمکی کاری شیاو بۆ یەکەم جار لە ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوەکە بۆ کۆنفرانسی کاری نێودەوڵەتی لە ساڵی (١٩٩٩) بەکارهاتووە و وەک ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوەکە پێناسەکراوە بەوەی؛ ڕەهەندێکی بنچینەییە بۆ جیهانگیریی دادپەروەرانە و نەهێشتنی بێکاری و هەژاری، و ڕێگایەکە بۆ هێنانەدی یەکسانی و هاوئەرکی و گەشەپێدانی بەردەوام، و ئەو کارەیە کەوا داهاتی پێویست بۆ گوزەران و بژێویی مرۆڤ دابیندەکات و گەرەنتی شکۆمەندی و ئاسوودەیی و ڕێزگرتن دەکات (سایتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، https://www.ilo.org/public/english/standards/relm/ilc/ilc87/rep-i.htm ). کەواتە بیرۆکەی شکۆمەندی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و پتەوی بە چەمکی کاری شیاو هەیە و پێکهاتەیەکی

سەرەکییە لە پێکهاتەکانی چەمکی کاری شیاو و ڕەهەندێکی بنچینەییە لە ڕەهەندەکانی بە حوکمی ئەوەی ئەو کارەی ژیانێکی شکۆمەندانە و گونجاو و شیاو بۆ مرۆڤ فەراهەمنەکات و پێداویستییە بنچینەییەکانی دابیننەکات، ناکرێت بە کارێکی شیاو و شکۆمەند دابنرێت (بلعرج وعواد، ١٠٩-١١٠، سلیم، ٢٠١٣، ١٠٧ ،Bolton, 2007, pp. 5,6).

کەواتە دیاریکردنی ناوەرۆکی چەمکی شکۆمەندی لە شوێنی کار کارێکی قورسە، بەڵام لەژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی فقهـ و دادگا و ئەوەی ئاماژەی پێکرا لە پرۆژە یاسای بەریتانی تایبەت بە "شکۆمەندی لە کاردا"، و هەڵوێستی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، گەیشتوون بەو ئەنجامەی؛ چەمکی شکۆمەندی وادەخوازێت مامەڵەیەکی مرۆڤانە لەگەڵ کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ بکرێت بە جۆرێک مافە کەسییەکانی و ئازادییە بنچینەییەکانی پارێزراو بێت وەک هەر مرۆڤێکی تر، و ژینگەی کارەکەی (ماڵی خاوەنکار) سەلامەت و تەندروست بێت واتە دوور بێت لە هەموو جۆرەکانی دەستدرێژی و گێچەڵ و توندوتیژی و مەترسی، چونکە دەبنە هۆی دروستکردنی ژینەگەیەکی بێزار و ترسێنەر و ناتەندروست بۆ کرێکارەکە.

**٣. ناوەڕۆکی مافی مامەڵەی شکۆمەندانە**

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی لە باسی پێشووی توێژینەوە باسکرا لەبارەی دیاریکردنی چەمکی مامەڵەی شکۆمەندانە، لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر گرنگترین پێکهاتەکانی مافی مامەڵەی شکۆمەندانە بۆ کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ، بۆ ئەم مەبەستە لە سێ تەوەرەدا تیشک دەخرێتە سەر؛ سەلامەتبوون لە دەستدرێژی جەستەیی و دەروونی، ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەت و کەسایەتی یاسایی، کارکردن لە ژینگەیەکی پاک و تەندروست.

### ٣.١ سەلامەتبوون لە دەستدرێژی جەستەیی و دەروونی

بە مەبەستی باسکردنی مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە سەلامەتبوون لە دەستدرێژیی جەستەیی و دەروونی، ئەم تەوەرەمان بەسەر دوو لق دا دابەشکردووە:

#### ٣.١.١ مەبەست لە سەلامەتبوون لە دەستدرێژیی جەستەیی و دەروونی

مامەڵەی شکۆمەندانە وادەخوازێت خاوەنماڵ ژینگەیەکی کار-ی سەلامەت و پارێزراو بۆ کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ سازبکات کە دووربێت لە هەموو جۆرە دەستدرێژییەکی جەستەیی و دەروونی کە لە خوارەوە باسیان لێوە دەکرێت:

**١- دەستدرێژیی جەستەیی (الاعتداء الجسدي- physical assault):** مەبەست لێی هەر کارێکی ناڕەوا و نایاساییە کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە جەستەی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ وەک لێدان، بریندارکردن... هتد، کە لە ئەنجامدا شوێنەواری ئێش و ئازاری کاتی یاخود هەمیشەیی بەجێدەهێڵێت وەک تووشبوونی بە پەککەوتنی هەتاهەتایی. و لەوانەیە ئەنجامدەرەکەی بە کردەیەکی ڕاستەوخۆ ئازاری پێبگەینێت، یان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامراز و کەلوپەل ئازاری پێبگەینێت (المصاورة، ٢٠١٤، ٩٦).

**٢- دەستدرێژییە دەروونی و زارەکییەکان (الاعتداءات النفسية واللفظية-psychological and verbal assaults)** : هەر گوفتار و کارێکی ناشیاو دەگرێتەوە کە ببێتە هۆی ئازارگەیاندنی دەروونی بە کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ و هەست بریندارکردنی وەک سوکایەتی پێکردن، جنێوپێدان، ناو و ناتۆرە لێنان، گاڵتەپێکردن، چاودێریکردنی و

پێشێلکردنی تایبەتمەندی و نهێنییەکانی... هتد (المصاورة، ٢٠١٤، ٩٦، Demarso & Abba, 2020, p. 775).

**٣- دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی (الاعتداء والتحرش الجنسي- sexual harassment and assault):** مەبەست لە دەستدرێژیی سێکسی بریتییە لە کردەکانی هەتککردن یاخود بەکارهێنانی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە کاری بەدڕەوشتی و ئابڕووبەرانە (المصاورة، ٢٠١٤، ٩٧). هەروەها گێچەڵی سێکسی لە شوێنی کار (ماڵی خاوەنکار) ڕەفتارێکی جەستەیی (جسدي) یان زارەکی دەگرێتەوە کەوا سروشتێکی سێکسی پێوەدیارە و گونجاو و قبوڵکراو نییە لەلایەن کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ، و ڕەتکردنەوە و ملکەچ نەبوونی بۆ ڕەفتارێکی لەو جۆرە ئینجا بە دەربڕینێکی ئاشکرا یان نائاشکرا بێت هۆکارە بۆ وەرگرتنی بڕیارێک کە کاریگەری لەسەر کارەکەی دەبێت بۆ نموونە؛ هەڕەشەکردنی خاوەنماڵ بە دەرکردنی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ، ئەگەرهاتوو داواکارییە سێکسییەکانی جێبەجێنەکات. یاخود ملکەچبوونی کرێکارەکە بۆ ڕەفتارێکی لەو جۆرە بە مەرج دەگیرێت بۆ کارپێکردنی کرێکارەکە. یاخود ڕەفتارەکە کارتێکردنی خراپی دەبێت لەسەر کارکردنی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە میانەی سازکردنی ژینگەیەکی کاری تۆقینەر و بێزارکەر و دوژمنکارانە (منظمة العمل الدولية/١، ٢٠١٢، ٤٦) [١١]، وەک توانجلێدان لە جەستە و جلوبەرگ و ڕوخساری، ناردنی نامەی ئەلیکترۆنی، هێرشی جەستەیی... هتد (Peyton, 2003, pp. 50, 67).

### ٣.١.٢ پاراستنی مافی سەلامەتبوون لە دەستدرێژیی دەروونی و جەستەیی

دەستدریژیی جەستەیی و دەروونی بە پێشێلکردنی مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ دادەنرێت، چونکە پەیوەستە بە بابەتی سەلامەتی و

تەندروستی، و بەگوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەستدرێژی بە هەموو جۆرەکانیەوە بە شێوەیەک لە شێوەکانی جیاکاری (التمییز–[١٢] Discrimination) دادەنرێت لەسەر بنەمای ڕەگەز (الجنس) کەوا "مافی یەکسانی لە مامەڵە و دەرفەتەکان " لاواز دەکات. هەروەها بە سوکایەتیکردن بە شکۆمەندیی کرێکارەکە دادەنرێت. جگە لەوە، زۆرجار قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن یاخود کارەکانیان لەدەستدەدەن (Ramiraz-Machado, 2003, p. 74، منظمة العمل الدولية/١، ٢٠١٢، ٤٦) [١٣]. بۆیە پێویستە هەوڵی نەهێشتنی ئەم حاڵەتانە بدرێت و پارێزگاری لە کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ بکرێت، چونکە بەهۆی سروشتی کارەکەی و نامۆیی لە دەوڵەتیی میواندار زیاتر لە کرێکاری هەر بوارێکی تر و کرێکاری نیشتیمانی ڕووبەڕووی گێچەڵ و دەستدرێژیی سێکسی و دەروونی و جەستەیی دەبێتەوە (منظمة العمل الدولية/٢، ٢٠١٢، ٤١). لەم بارەیەوە، "ڕێککەوتننامەی کاری شیاو بۆ کرێکارانی ناوماڵ" داوا دەکات کرێکارانی ناوماڵ بپارێزرێن لە هەموو شێوازەکانی خراپەکاری و هەراسانکاری و توندوتیژی، و لە ڕاسپاردەی ڕێککەوتننامەی ناوبراو جەخت کراوەتەوە لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئالیاتی پێویست بۆ کرێکارانی ناوماڵ دروستبکرێت بە مەبەستی پێشکەشکردنی سکاڵاکانیان و ئاگادارکردنەوە لە بوونی ئەو حاڵەتانە، هەروەها دڵنیابوونەوە لەوەی هەموو ئەو سکاڵایانە لێکۆڵینەوەیان لێ دەکرێت و ئەنجامدەرەکانیان دادگایی دەکرێن[١٤]. شایانی ئاماژەپێکردنە، عادەتەن یاسای تاوانکاری (القانون الجنائي) چارەسەری هەندێک لە جۆرەکانی دەستدرێژی دەکات وەک دانانی سزا لەسەر تاوانەکانی دەستدرێژیی جەستەیی و سێکسی[١٥]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جۆری دەستدرێژی هەیە بە کردەیەکی تاوانکارانە دانانرێت سەرەڕای ئەوەی ژینگەیەکی تۆقێنەر و بێزار بۆ کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ دروستدەکات، بۆ نموونە؛ قسەی ناشرین و جنێوپێدان یان ترساندنی.

بۆیە وا پێویست دەکات یاساکانی کار و یاسا تایبەتەکانی تری پەیوەست بە کرێکاری ناوماڵ، ئەحکامی یاسایی تایبەت بە پاراستنی کرێکاری ناوماڵ (کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ) لەم جۆرە دەستدرێژییانە (دەستدرێژیی دەروونی و زارەکی) لەخۆیان بگرن (منظمة العمل الدولية/٢، ٢٠١٢، ٤١). شایانی ئاماژە پێکردنە، بەگوێرەی وتەی لایەنی پەیوەندیداری هەرێمی کوردستان و ڕاپۆرتێکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، یەکێک لە دیارترین ئەو کێشانەی دووچاری کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ دەبێتەوە بریتییە لە گێچەڵی سێکسی و دەستدرێژیی جەستەیی و توندوتیژی (عثمان، ٢٠٢٢، مروان، ٢٠٢٢)، و دەستدرێژیی زارەکی وەک قسەی نەشیاو و هاواربەسەرداکردن و جنێوپێدان (دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، ٢٠١٥، ٣٠). کەواتە لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە؛ ئایا یاساکانی کاری عێراقی و کوردستانی، توانیویانە گەرەنتیی سازکردنی ژینگەیەکی کار-ی سەلامەت و پارێزراو بۆ کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ بکەن؟ لەم بارەیەوە ماددەی (١/٤٢/د) لە یاسای کاری عێراقی ژمارە (٣٧)ی ساڵی (٢٠١٥) خاوەنکاری پابەندکردووە بە سازکردنی ژینگەیەکی کار-ی دوور لە گێچەڵ. هەر لەم بارەیەوە ماددەی (١٠) لە یاسای ناوبراو گێچەڵی سێکسی لە بەکارخستن و شوێنی کارکردندا قەدەغەدەکات چ لە کاتی گەڕان بەدوای کاردا، ڕاهێنان بۆ پیشەیەک، یاخود بکرێت بە مەرجی پێدانی کار. و ڕێگری لە هەر ڕەفتارێکی تر دەکات کە دەبێتە هۆی دروستکردنی ژینگەیەکی کار-ی ترسێنەر یان دوژمنکارانە یان ڕسواکەر. هەروەها ماددەی (١١/ بڕگەی دووەم) لە هەمان یاسا؛ سزای گێچەڵی لە شوێنی کاردا دیاریکردووە بە بەندکردن کە لە (٦) مانگ زیاتر نەبێت، و پێبژاردنێک کە لە (١) یەک ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نەبێت یاخود بە یەکێک لەو دوو سزایە. بەمەش ئەم سزایەی یاسای کار، سزای دانراو لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) دەبەستێتەوە بەگوێرەی بنەمای (الخاص يقيد

العام)، چونکە لێرەدا یاسای کار یاسایەکی تایبەتە بە نسبەت یاسای سزادان کە یاسایەکی گشتییە [١٦]. هەروەها بەگوێرەی ماددەی (٤٩/ب. یەکەم/ ب) لە یاساکە؛ ئەگەر خاوەنکار تاوانی گەورە (جناية) یان کەتنێک (جنحة) دەرهەق بە کرێکار ئەنجامبدات، ئینجا لە کاتی کارکردن بێت یاخود لە دەرەوەی کاتی کارکردن ئەوا کرێکارەکە بۆی هەیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت بە ویستی یەکلایەنەی خۆی گرێبەستی کارکردنەکەی کۆتایی پێبهێنێت. کەواتە بەگوێرەی سزای ئاماژەپێکراو لە ماددەی (١١/ ب. دووەم) گێچەڵی سێکسی لە بەکارخستن و پیشە دەچێتە چوارچێوەی کەتنەوە، بۆیە ئەگەر کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ ڕووبەڕووی گێچەڵ بووەوە لەلایەن خاوەنکار (خاوەنماڵ) ئەوا دەتوانێت گرێبەستی خزمەتی ناوماڵ کۆتایی پێبهێنێت بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە.

لەلایەکی ترەوە بە پێچەوانەی یاسای کاری عێراقی ژمارە (٣٧)ی ساڵی (٢٠١٥)، یاسای کاری ژمارە (٧١) ی ساڵی (١٩٨٧)ی بەرکار لە کوردستان هیچ ماددەیەکی تێدا نییە سەبارەت بە قەدەغەکردنی گێچەڵپێکردن لە شوێنی کارکردن و سزادانی ئەنجامدەرەکەی[١٧]، بە هەمان شێوە ڕێنمایی کارکردنی کرێکاری کرێکارانی بیانی لە کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٥) باسی لێوە نەکردووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی گێچەڵپێکردن بە تاوان هەژماردەکرێت و سزای لەسەرە بەگوێرەی ماددە (٤٠٢) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)، کە بریتییە لە؛ بەندکردن لە (٣) سێ مانگ زیاتر نەبێت و پێبژاردنێک لە (٣٠) دیناری عێراقی زیاتر نەبێت یان بە یەکێک لەو دوو سزایە. ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە لێرەدا ئەوەیە سزای ئاماژەپێکراو بۆ گێچەڵی سێکسی سزایەکی سووکە بەراورد بەو سزایەی هەیە لە یاسای کاری عێراقیی ژمارە (٣٧)ی ساڵی (٢٠١٥)، بە جورێک لەگەڵ گەورەیی کردارەکە

ناگونجێت بە تایبەت لەوانەیە سەرپێچیکار تەنیا بە پێبژاردن سزا بدرێت بەبێ بەندکردن و بڕی پێبژاردنەکەش کەمە، چونکە بە گشتی ئەو خاوەنماڵانەی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ بەکاردەخەن بارودۆخی داراییان لە ئاستێکی زۆرباشدایە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم سزایە بۆ ئەوان سزایەکی تەمبێکەر نییە. لەلایەکی ترەوە، بەگوێرەی نموونەیەک لە گرێبەستی کارکردنی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە هەرێمی کوردستان، خاوەنماڵ پابەندکراوە بەوەی بە شێوەیەکی باش و ڕێزدارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات لەوانەش؛ بەکارنەهێنانی توندوتیژی و بێڕێزی ماددی و مەعنەوی و جەستەیی، و لە حاڵەتی ڕوودانی دەستدرێژیی سێکسی، خاوەنماڵ پابەندکراوە بە قەرەبووکردنەوەی کرێکارەکە بە پێدانی تەواوی مووچەی مانگانەی هەموو ماوەی گرێبەستەکەی و گەڕاندنەوەی کرێکارەکە لەسەر ئەرکی خۆی، جگە لە سزای یاسایی و هەر مافێکی تری یاسایی کە بە کرێکارەکە دەبەخشرێت (بڕوانە؛ بەندی چوارەم لە گرێبەستی نموونەیی، پاشکۆی ژمارە ٢).

سەبارەت بە یاسا بەراوردکارییەکان، بەگوێرەی پەیڕەوی کرێکارانی ناوماڵان-ی ئوردنی؛ ئەگەر سەرپێچیی خاوەنماڵ بریتی بێت لە دەستدرێژیی سێکسی یان جەستەیی بۆ سەر کرێکاری ناوماڵ، ئەوا کرێکارەکە یەکسەر بۆی هەیە واز لە کارەکەی بهێنێت و داوای مافەکانی بکات [١٨].

هەر لەم بارەیەوە، یاسای ویلایەتی ئۆرگنی ئەمەریکی تایبەت بە "کارپێکردنی کرێکارانی ناوماڵ" خاوەنکاری پابەندکردووە بە ئەنجامنەدانی هەر جۆرە گێچەڵ و ڕەفتارێکی سێکسی (زارەکی یان جەستەیی) دەرهەق بە کرێکاری ناوماڵ [١٩].

لەلایەکی ترەوە، یاسای کرێکارانی خزمەتی هاریکاریی ئیماراتی خاوەنکاری پابەندکردووە بەوەی بە شێوەیەکی باش هەڵسوکەوت لەگەڵ کرێکاری ناوماڵ بکات، بە جۆرێک شکۆ و سەلامەتیی جەستەی پارێزراو بێت[٢٠]. هەروەها بەگوێرەی لائیحەی جێبەجێکردنی یاسای ناوبراو؛ کرێکار بۆی هەیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە واز لە کارەکەی بهێنێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر خاوەنکار یان ئەندامانی خێزانەکەی دەستدرێژی بکاتە سەری بە لێدان یان سوکایەتیپێکردن یان هەر شێوازێک لە شێوازەکانی دەستدرێژیی سێکسی کە سزای لەسەرە بەگوێرەی یاسا بەرکارەکانی وڵاتەکە، و پێویستە لەسەری لە کاتی ڕوودانی دەستدرێژییەکە بە زووترین کات دەسەڵاتی تایبەتمەند ئاگاداربکاتەوە، و لە ماوەی (٣) ڕۆژ لە بەرواری وازهێنانی لە کارەکەی وەزارەتی پەیوەندیدار ئاگاداربکاتەوە[٢١]. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە لائیحەکە ئەوەیە پارێزگاری زیاتری تێدایە بۆ کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ بەراورد بە یاساکانی تری جێباسی توێژینەوە، چونکە باسی هەر سێ جۆرەکانی دەستدرێژی کردووە. جگە لەوە، یاسای ناوبراو نووسینگەکانی بەکارخستنی پابەندکردووە بەوەی لە کاتی هێنان و کارپێکردنی کاتیی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ هیچ جۆرە گێچەڵێکی سێکسی جا زارەکی بێت یاخود جەستەیی لە بەرانبەریدا ئەنجامنەدەن و توندوتیژی لە دژی بەکارنەهێنن[٢٢]. و لە کاتی ئەنجامدانی کردارێکی لەو جۆرە، یاساکە سزای سەپاندووە بەسەریاندا کە بریتییە لە پێبژاردنێک کە لە (٥٠) هەزار درهەمی ئیماراتی کەمتر نەبێت و لە (١٠٠) هەزار درهەم زیاتر نەبێت و سزاکەی دووهێندە دەبێت لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی کارەکە لە ماوەی ساڵێک لە بەرواری حوکم دانی[٢٣]. بێگومان ئەمە بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت، بەڵام ئەوەی تێبینیمان کرد یاسای کوردستانی و عێراقی ئاماژەیان بە بەرپرسیاریەتیی کۆمپانیاکانی

بەکارخستن نەکردووە سەبارەت بە بابەتی گێچەڵپێکردن لە کاتی هێنانی کرێکارەکە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا لە یاسا بەراوردکارەکان و یاسای کاری عێراقیی ساڵی (٢٠١٥)، پێشنیازدەکەین بۆ یاسادانەری کوردستانی هەڵبستێت بە داڕشتنی دەقی تایبەت لە یاسا و ڕێنماییە تایبەتەکاندا سەبارەت بە قەدەغەکردنی هەموو جۆرەکانی دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی لە شوێنی کاردا، و سزای گونجاو دابنێت بۆ ئەنجامدەرانی، و بێگومان هەنگاوێکی لەم جۆرە دەستەبەری مافی مامەڵەی شکۆمەندانە بۆ کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ دەکات.

بەڵام لە کۆتاییدا قورسترین کار لەبەردەم کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ بریتیە لە سەلماندنی گێچەڵ پێکردنەکەی کە لەوانەیە نەتوانێت بە ڕێگا باوەکانی سەلماندنی تاوان بیسەلمێنێت، بۆیە لەپێناو ئاسانکردنی سەلماندنی گێچەڵ پێویستە یاسادانەر هەڵبستێت بە جێگیرکردنی ڕێگا سەردەمییەکانی سەلماندن وەکو؛ قەرینەی پزیشکیی سەردەمیانە بۆ نموونە؛ شیکاریی خوێن، چونکە بوونی پەڵەی خوێن لە شوێنی ئەنجامدانی تاوان یان لەسەر جەستە و جلوبەرگی قوربانییەکە یان گومانلێکراوەکان لە ئەنجامی بەرهەڵستی و بەرەنگاربوونەوە بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکە لەلایەن گومانلێکراوەکان. یاخود دەکرێت سەلماندنەکە لە ڕێگەی دەرخستنی پەنجەمۆر و پشکنین بۆ کردنی بێت بە مەبەستی ئاشکرا کردنی تاوانبار. یاخود دەکرێت ناسنامەی تۆمەتبار لەڕێگەی جێپەنجەی بۆماوەییەوە (DNA profiling) دیاریبکرێت، ئەمەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی پشکنین بۆ شانەکانی ئادەمیزادی، کە لە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە دەدۆزرێنەوە وەک شوێنپەنجەکان، تاڵی قژ... هتد. (فرحات، ٢٠٢١، ١٠-١١، ١٥، ١٩).

### ٣.٢ ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەت و کەسایەتیی یاسایی

بە مەبەستی باسکردنی ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەت و کەسایەتیی یاسایی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ ئەم تەوەرەیەمان بەسەر دوو لقدا دابەشکردووە:

### ٣.٢.١ ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەت

مافی ژیانی تایبەت (الحياة الخاصة) یاخود مافی تایبەتمەندی (الخصوصية) بە بەشێکی گرنگ و جیانەکراوە لە شکۆمەندیی مرۆڤ دادەنرێت بە جۆرێک ڕێزنەگرتن لە تایبەتمەندی بە پێشێلکردنی شکۆمەندیی مرۆڤ دادەنرێت (Floridi, 2016, pp. 308, 311). مافی ژیانی تایبەت وەک یەکێک لە مافە هەرە گرنگەکانی مرۆڤ لە ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان و زۆرینەی دەستوور[٢٤]، و یاسا نیشتیمانییەکان دانپێنراوە و دەستەبەرکراوە (جبر، ٢٠١٦، ٧). ئەوەی پەیوەستە بە کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ، ماددەی (٦) لە ڕێککەوتننامەی کاری شیاو بۆ کرێکارانی ناوماڵ ئاماژەی داوە بەوەی ئەگەرهاتوو کرێکاری ناوماڵ لە ماڵی خاوەنکار نیشتەجێ بێت ئەوا پێویستە سودمەند بێت لە ژیانێکی شیاو بە جۆرێک ڕێز لە ژیانی تایبەتی بگیرێت. هەروەها ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی (نەتەوە یەکگرتووەکان) تایبەت بە "پاراستنی مافەکانی تەواوی کرێکارە کۆچکەرەکان/ بیانییەکان (migrant workers) و ئەندامانی خێزانەکانیان" ئاماژەی کردووە بەوەی نابێت کرێکاری کۆچکەر/بیانی دووچاری دەستێوەردانی تەعەسوفی یان ناڕەوا ببێتەوە لە ژیانی تایبەتی و کاروباری خێزانی یان لە ماڵەکەی یان لە نامە و پەیامەکان و (correspondences-مراسلات) و پەیوەندییەکانی ( UN Convention on the Protection of the Rights of All Migrant Workers and Members of Their

Families 1990, Art. 14). لەلایەکی ترەوە، بەراورد بە یاساکانی تری جێباسی توێژینەوە، پەیڕەوی کرێکارانی ناوماڵان-ی ئوردنی بە ڕوونی خاوەنماڵی پابەندکردووە بە گەرەنتیکردنی مافی کرێکاری ناوماڵ لە تایبەتمەندی[٢٥]. مەبەست لە مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە ژیانی تایبەت بریتییە لەوەی؛ مافی کرێکارەکەیە کە هەر شتێکی پەیوەندیدار بە ژیانی تایبەتیی خۆی بشارێتەوە و پارێزگاری لێبکات و ئازاد بێت لە پیادەکردنی ژیانی تایبەتیی خۆی ئینجا پێش گرێبەستکردن بێت یاخود لە ماوەی گرێبەستەکەی یاخود دوای کۆتاییهاتنی گرێبەستەکەی، جگە لەو حاڵەتانەی ڕێگەپێدراون بەگوێرەی یاسا یان بە ڕەزامەندیی ڕاشکاوانە یان ناڕاشکاوانەی کرێکارەکە (حمزة وبدوي، ٢٠٢١، ١٥١). کەواتە ڕێزگرتن لە مافی ژیانی تایبەت دوو ڕەگەزی هەیە؛ یەکەمیان: ئازادی لە پیادەکردنی ژیانی تایبەت، دووەمیان: مافی پاراستنی ئەو تایبەتمەندییەی کە لە ئەنجامی پیادەکردنی ژیانی تایبەت دروستدەبێت، کە خۆی دەنوێنێت لەوەی؛ هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە هەواڵەکانی ژیانی تایبەتی بڵاونەبێتەوە و ئاشکرا نەکرێت مەگەر خۆی ڕەزامەند بێت لەسەری، هەروەها مافی پاراستنی نهێنینامە و پەیام و پەیوەندی و گفتوگۆیە کەسییەکانی هەیە (جبر، ٢٠١٦، ١٣). کەواتە ژیانی تایبەت چەند سیمایەکی هەیە کە لە خوارەوە باس لە گرنگترینیان دەکرێت بە نسبەت کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ:

**١- شوێنی نیشتەجێبوون:** کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ مافی ئەوەی هەیە ژیانێکی ئاسوودە و ئارام لە چوارچێوەی شوێنی مانەوە و نیشتەجێبوونی خۆی بەسەرببات، بۆیە ئاشکراکردنی ناونیشانی شوێنی نیشتەجێبوونی بەبێ ڕەزامەندیی خۆی و بە مەبەستی زیان پێگەیاندنی یاخود هێنانەدیی ئامانجێکی ناڕەوا و نایاسایی بە پێشێلکردنی مافی ژیانی تایبەت دادەنرێت (سعاد، ٢٠١٧، ٣٦-٣٩). شایانی ئاماژەپێکردنە، کرێکارە

ئافرەتە بیانییەکانی بواری ناوماڵ لە وڵاتە عەرەبییەکان و کوردستان ئەوانەن کە لە نێو ماڵی خاوەنکار دەژین و دەمێننەوە، بۆیە ئاشکراکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی تا ڕادەیەک پێشبینی نەکراوە، بەڵام زۆرجار خاوەنماڵ زیادەڕوەی لە دەسەڵاتی پشکنین-ی دەکات کە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافی ژیانی تایبەتیی کرێکارەکە، ڕاستە مافی ئەوەی هەیە تەماشای کەلوپەلەکانی بکات بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی شتی نایاسایی نین و زیان بە تەندروستیی خێزانەکەی و تەندروستیی گشتی ناگەیەنن، و کاتێک شتێکی لێ ون دەبێت مافی ئەوەی هەیە لە چوارچێوەی ماڵەکەی بۆی بگەڕێت، بەڵام نابێت ئەم دەسەڵاتەی بە خراپ بەکاربهێنێت و زیادەڕوەی تیادا بکات (سعید، ٢٠١٩، ٥٧٢، ٥٧٣). لەلایەکی ترەوە، پڕۆژە یاسای ئەمەریکی تایبەت بە "مافنامەی کرێکارانی ناوماڵ"[٢٦]، جەختی کردووەتەوە لەسەر ئەوەی چاودێریکردن یاخود ڤیدیۆگرتنی کرێکاری ئافرەتی ناوماڵ لە ناو شوێنە هەستیارەکانی ماڵ بە پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندیی کرێکاری ناوماڵ دادەنرێت[٢٧].

٢- **دۆخی تەندروستی:** نابێت بابەتەکانی پەیوەست بە حاڵەتی تەندروستی کرێکارەکە وەک جۆری نەخۆشییەکەی و چارەسەرییەکانی ئاشکرا بکرێت جگە لەو حاڵەتانەی بە یاسا دیاریکراوە (سعاد، ٢٠١٧، ٤٥) بۆ نموونە؛ ئەگەرهاتوو تووشی نەخۆشییەکی گوازراوە یان مەترسیدار بێت لەو حاڵەتەدا دووردەخرێتەوە، چونکە زیان بە تەندروستیی گشتی دەگەیەنێت.

٣- **بیروباوەڕی ئاینی:** هەموو کەسێک ئازادە لەوەی ئاینێکی دیاریکراو پەیڕەوبکات یاخود پەیڕەوی هیچ کام لە ئاینەکان نەکات، بۆیە پێویستە لەسەر خاوەنماڵ لەم ڕوویەوە ئازادیی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ زەوت نەکات و ڕێگەی پێبدات ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی بەجێبگەینێت، چونکە هەر دەستێوەردانێک لە بیروباوەڕی ئاینیی کرێکاری ئافرەتی

بیانیی ناوماڵ و ڕێگەپێنەدانی بۆ بەجێگەیاندنی ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی بە پێشێلکردنی مافی ژیانی تایبەتی کرێکارەکە دادەنرێت (حمزة وبدوي، ٢٠٢١، ١٨٢-١٨٣). سەبارەت بەمە، یاساکانی کار-ی عێراق و کوردستان هیچ دەقێکی تێدا نییە، کەوا گەرەنتیی مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ بکات بۆ بەجێگەیاندنی ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی. بەڵام لە ماددەی (٤/ط) لە پەیڕەوی کرێکارانی ناوماڵان-ی ئوردنیدا هاتووە؛ "خاوەنماڵ پابەند دەبێت بەوەی ڕێگە بە کرێکار بدات بۆ ئەوەی مومارەسەی ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی بکات کە دژیەک نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی گشتی و ئاکارەکان". کەواتە دەقی ئاماژەپێکراو ڕێگەی بە کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ داوە ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی بەجێبگەیێنێت بە مەرجێک دژیەک نەبن لەگەڵ بەها باڵاکانی کۆمەڵگا و ئەو ڕێسا و پێوەرە ئەخلاقییانەی کەوا سیستەمی کومەڵایەتیی لەسەر وەستاوە.

شایانی باسە، بیروباوەڕی ئاینی هەر کرێکارێک جیاوازە لەوەی دیکە، و ئەم جیاوازییە وادەکات چوارچێوەی مافی ژیانی تایبەتیش لە کرێکارێکەوە بۆ کرێکارێکی تر بگوڕدرێت بۆ نموونە؛ بیروباوەڕی ئاینیی کرێکارێک وادەخوازێت پۆشاکێکی دیاریکراو لەبەربکات (وەک حیجاب) بە پێچەوانەوە بیروباوەڕی ئاینیی کرێکارێکی تر ئەمە ناخوازێت، کەواتە لێرەدا فەرمانکردنی خاوەنماڵ بە لەبەرکردنی حیجاب یان لابردنی بە پێشێلکردنی مافی ژیانی تایبەتی کرێکارەکە دادەنرێت (حمزة وبدوي، ٢٠٢١، ١٥٦).

**٤- پەیام و پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکان (المراسلات والاتصالات الالكترونية):** کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ ڕێگەپێدراو نییە بەوەی مۆبایلی خۆی هەبێت و بەکاریبهێنێت بە درێژایی ماوەی گرێبەستەکەی، بە پێچەوانەوە لە حاڵەتی دابینکردنی مۆبایل لەلایەن خاوەنماڵ و کەوتنەوەی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو ئەوا بەرپرسیاریەتییەکەی

دەکەوێتە ئەستۆی خاوەنماڵ (بڕوانە؛ بەندی دەیەم لە گرێبەستی نموونەیی، پاشکۆی ژمارە ١ ). و بەگوێرەی وتەی یەکێک لە خاوەن کۆمپانیاکانی هێنانی دەستی کاری بیانی هۆکاری ڕێگەپێنەدانی بۆ بەکارهێنانی مۆبایل دەگەڕێتەوە بۆ خۆدی کرێکارەکان کە زۆرجار بە شێوەیەکی خراپ بەکاریدەهێنن بۆ نموونە؛ حاڵەتی وا هەبووە هەندێک لە خزمەتکارە بیانییەکان لە ڕێگەی مۆبایلەوە پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکانێک بەستووە و کاری بەدڕەوشتییان ئەنجامداوە (حمد، ٢٠٢٢). بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەگوێرەی یاسا، کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ مافی ئەوەی هەیە پەیوەندی بە خانەوادەکەیەوە بکات و لە هەواڵیان بپرسێت، لەم بارەیەوە، ڕێنمایی کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان خاوەنماڵی پابەندکردووە بەوەی مانگانە دوو جار خەرجی پەیوەندیکردنی تەلەفۆنی کرێکارەکە بە خێزانەکەی دابینبکات بە شێوەیەک هەر جارێک لە (٢٠) خولەک کەمتر نەبێت، و کرێکارەکە بۆی هەیە لەسەر خەرجیی خۆی پەیوەندیی زیاتریش ئەنجامبدات [٢٨].

هەر لەم بارەیەوە، پەیڕەوی کرێکارانی ناوماڵان-ی ئوردنی خاوەنماڵی پابەندکردووە بەوەی ڕێگە بە کرێکاری ناوماڵ بدات بۆ ئەوەی پەیوەندیی تەلەفۆنی بە خانەوادەکەی لە دەرەوە بکات و مانگانە یەک جار خەرجیی تەلەفۆنەکەی بگرێتە ئەستۆ، و کرێکارەکە مافی هەیە پەیوەندیی زیاتر ئەنجامبدات لەسەر خەرجیی خۆی، و مافی ئاڵوگۆڕکردنی نامەی نووسراوی لەگەڵیاندا هەیە[٢٩].

هەر لەم بارەیەوە، یاسای ویلایەتی نڤادا (Nevada)-ی ئەمەریکی تایبەت بە کرێکارانی ناوماڵ و پڕۆژە یاسای فیدڕاڵیی تایبەت بە مافەکانی کرێکارانی ناوماڵ جەختیان لە مافی کرێکاری ناوماڵ بۆ ئەنجامدانی پەیوەندییە تایبەتەکان کردووەتەوە[٣٠]. مەبەست لە پەیوەندییە تایبەتەکان (private communications) بەگوێرەی پڕۆژە یاسای ناوبراو؛ ئەو

پەیوەندییانە دەگرێتەوە کە بە ڕێگەی تەلەفۆن یاخود خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت ئەنجامدەدرێن لەوانە؛ ئاڵوگوڕکردنی پەیوەندییەکان لە میانەی؛ نامەی نووسراو (text message)، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئیمەیڵ، تەلەفۆن[٣١]. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین، بەراورد بە پەیڕەوی کرێکارانی ناوماڵ-ی ئوردنی و ڕێنمایی کارکردنی کرێکارانی بیانی لە کوردستان کە تەنیا باسیان لە پەیوەندیی تەلەفۆنی کردووە، یاسای ئەمەریکی بە شێوەیەکی گشتی باسی لە مافی کرێکاری ناوماڵ بۆ ئەنجامدانی پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکان کردووە ئینجا لە ڕێگەی تەلەفۆن بێت یان ئینتەرنێت. شایانی باسە یاساکانی ئیماراتی و عێراقی باسیان لەم بابەتە نەکردووە.

کەواتە هەروەک چۆن کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ مافی ئازادیی پەیوەندییکردنی هەیە، لە هەمان کاتدا مافی ئەوەی هەیە دەستدرێژی نەکرێتە سەر تایبەتمەندیی ئەو پەیوەندییانەی کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی تەلەفۆن و ئینتەرنێتەوە ئەنجامیدەدات (تبوب، ٢٠٢١، ٦١٨، نعیمة ورضا، ٢٠٢١، ٦٥). لەم بارەیەوە، یاسای ویلایەتی نڤادا-ی ئەمەریکی تایبەت بە کرێکارانی ناوماڵ و پڕۆژە یاسای فیدراڵیی تایبەت بە مافەکانی کرێکارانی ناوماڵ ئاماژەیان بە مافی کرێکاری ناوماڵ لە تایبەتمەندیی پەیوەندییە تایبەتەکانی کردووە و دەقیان داناوە لەسەر ئەوەی؛ خاوەنکار بۆی نییە پەیوەندییە تایبەتەکانی کرێکاری خزمەتی ناوماڵ سنووردار بکات یان دەستێوەردانی تێدا بکات یان چاودێری بکات[٣٢]. شایانی باسە هاوشێوەی ئەم دەقە لە یاسای ئوردنی و ئیماراتی و عێراقی و کوردستانی بەدیناکرێت.

### ٣.٢.٢ ڕێزگرتن لە کەسایەتیی یاسایی

مامەڵەکردنی شکۆمەندانە وادەخوازێت ڕێز لە کەسایەتیی یاسایی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ بگیرێت لە میانەی پارێزگاریکردن لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی و هێشتنەوەیان لەلای خۆی تاکو بتوانێت مومارەسەی کەسایەتییە یاساییەکەی بکات، ئەمەش لە کاتێکدایە بەهۆی سیستەمی کەفالەی پەیڕەوکراو لە وڵاتە عەرەبییەکان لە نێویاندا ئوردن و ئیمارات و عێراق و کوردستان، بەشێک لە خاوەنکارەکان (کەفیلەکان) هەڵدەستن بە لێسەندنەوەی بەڵگەنامە فەرمییەکانی وەک پاسپۆرت، ناسنامە، کارتی نشینگە لە کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ [٣٣]، بە ئامانجی ڕێگریکردن لە سەفەرکردن و هاتووچۆکردنی یان گوشار خستنەسەری بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی (دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، ٢٠١٥، ٤٨، محمد، ٢٠٢١، ١٤١، ١٤٢، الفشني، ٢٠١٩، ٤٩١). بەڵام بە پێچەوانەی بەشێک لەو وڵاتە عەرەبییانەی کەوا هەمان سیستەمی کەفالە پەیڕەودەکەن و ئەم کارەیان بە دەقی یاسایی قەدەغەکردووە، کەچی یاسا و ڕێنماییەکانی عێراق و کوردستان ئەم کارەیان قەدەغەنەکردووە، لە کاتێکدا دەستبەسەرداگرتنی بەڵگەنامەکانی کرێکارەکە وەک پاسپۆرت ئازادیی هاتۆچووکردنی (التنقل) کرێکارەکە سنووردارەدەکات و هەڕەشەیە لەسەر مافی گەڕانەوەی بۆ نیشتیمانەکەی، ئەمەش پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی هەندێک جۆر تاوان وەک؛ دزینی بەڵگەنامەکانی، تەزویرکردنی بەڵگەنامەی هاوشێوە (إسيم، وسميث، ٢٠٥، ٧٤، سليم، ٢٠١٣، ٦٥). جگە لەوە، ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارە لەلایەن خاوەنماڵەکانەوە دەچێتە ژێرباری کاری زۆرەملێ (العمل الجبري) بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەستبەسەرداگرتنی پاسپۆرت یان هەر بەڵگەنامەیەکی تر شێوازێکە لە شێوازەکانی زۆرلێکردن کەوا کرێکارەکە ناچاردەکات بەبێ ویستی خۆی بە کارەکە ڕازی بێت (الصديقي، ٢٠١٩،

١٩). شایانی باسە، لە یاسای کاری عێراقی ژمارە (٣٧)ی ساڵی (٢٠١٥) کاری زۆرەملێ بە هەموو شێوەکانیەوە قەدەغەکراوە، لەوانەش کاری ناوماڵ ئەگەرهاتوو فاکتەری ناچاری لەخۆبگرێت [٣٤].

لەلایەکی ترەوە، نەبوونی پاراستنی یاسایی بۆ بەڵگەنامە کەسییەکانی کرێکاری ناوماڵ پێچەوانەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانە وەک "ڕێککەوتننامەی کاری شیاو بۆ کرێکارانی ناوماڵ"؛ کە داوا دەکات گەرەنتیی مافی کرێکارانی ناوماڵ بکرێت بۆ پارێزگاریکردن لە بەڵگەنامەکانی سەفەرکردن و ناسنامەکانیان (اتفاقية العمل اللائق للعمال المنزليين لسنة ٢٠١١، المادة ٩). و بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی (نەتەوە یەکگرتووەکان) تایبەت بە "پاراستنی مافەکانی تەواوی کرێکارە کۆچکەرەکان/ بیانییەکان (migrant workers) و ئەندامانی خێزانەکانیان"؛ دەستەبەراگرتنی بەڵگەنامەکانی ناسنامە و سەفەرکردن و مانەوە و کارکردن-ی کرێکاری بیانی بە نایاسایی دادەنرێت مەگەر بەگوێرەی ئەوەی ڕێگەپێدراوە بە یاسا ( UN Convention on the Protection of the Rights of All Migrant Workers and Members of Their Families 1990, Art. 21).

بۆیە بە مەبەستی ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی ئەم کارە لەلایەن خاوەنکارەکانەوە، یاسادانەری ئیماراتی لە یاسای کرێکارانی خزمەتی هاریکاری، لە هەنگاوێکی کەم وێنەدا خاوەنکاری پابەند کردووە بەوەی گەرەنتیی مافی کرێکاری ناوماڵ لە پارێزگاریکردن لە بەڵگەنامە سەلمێنەرەکانی (الوثائق الثبوتية) تایبەت بە خۆی بکات[٣٥].

هەروەها یاسای ویلایەتەکانی نڤادا و ئۆرگنی ئەمەریکی و پڕۆژە یاسای فیدراڵیی تایبەت بە مافی کرێکارانی ناوماڵ خاوەنکاریان پابەند

کردووە بەوەی دەست بۆ بەڵگەنامە تایبەتەکانی کرێکاری ناوماڵ نەبات [٣٦].

### ٣.٣ کارکردن لە ژینگەیەکی ماڵ-ی پاک و تەندروست

کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ مافی ئەوەی هەیە لە ژینگەیەکی ماڵ-ی (بيئة منزلية) گونجاو و خاوێن و تەندروست کاربکات و بژێت، بۆ ئەم مەبەستە یاساکان خاوەنماڵیان پابەندکردووە بە دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان بۆ کرێکاری ناوماڵ کە لە چەند خاڵێکدا باسیان لێوە دەکرێت:

**١- دابینکردنی شوێنی مانەوە و خواردن و پۆشاک:** کارکردنی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە وڵاتانی ئیمارات و ئوردن و عێراق و کوردستان بە شێوەی کاتی تەواوە (full-time) و لەناو ماڵی خاوەنکار دەمێنێتەوە (live-in worker) چونکە بەگوێرەی سیستەمی کەفالەی پەرەوکراوە لە وڵاتانی ناوبراو کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ تەنیا دەبێت لەلای خاوەنکارەکەی (کەفیلەکەی) کاربکات [٣٧] (kagan, 2017, p. 21)، بۆیە خاوەنماڵ پابەندە بە دابینکردنی شوێنێکی خاوێن و گونجاو بۆ نیشتەجێبوون و مانەوەی کرێکارەکە، سەرەڕای دابینکردنی خواردن و پۆشاکی کرێکارەکە. لەم بارەیەوە، هەریەکە لە ڕێنمایی کارکردنی کرێکارانی بیانی لە کوردستان، یاسای کرێکارانی خزمەتی هاریکاری ئیماراتی، پەیڕەوی کرێکارانی ناوماڵان -ی ئوردنی خاوەنماڵیان پابەندکردووە بە دابینکردنی ژوورێکی شیاوی نیشتەجێبوون واتە ژوورێکی فراوان بێت و تەواوی پێداویستییەکانی حەوانەوە و نوستن لە خۆی بگرێت، هەروەها پابەندکراوە بە دابینکردنی خۆراک و خواردنەوە و پۆشاکی کرێکارەکە[٣٨] (بڕوانە؛ بەندی هەشتەم لە گرێبەستی نموونەیی، پاشکۆی ژمارە ١).

جێگەی باسە، یاسای کاری عێراقی ژمارە (٣٧)ی ساڵی (٢٠١٥) هیچ دەقێکی هاوشێوەی دەقە ئاماژەپێکراوەکانی سەرەوەی تێدا نییە، کە ئەمەش ناگونجێت لەگەڵ ئەو پێوەرە نێودەوڵەتییانەی کە داوا دەکەن؛ شوێنی مانەوەی گونجاو و خۆراکی باش و پێویست بۆ کرێکاری ناوماڵ دابینبکرێت[٣٩]. شایانی ئاماژەپێکردنە، لە واقعدا لەم ڕوویەوە کرێکارانی ناوماڵ ڕووبەڕووی پێشێلکاری دەبنەوە بەوەی زۆرجار خاوەنکارەکان شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاویان بۆ دابیناکەن. بۆ نموونە؛ لە ژوورێکی تەسک یان لە چێشتخانەیماڵەکە جێگیردەکرێن، یان جێگەی نوستنیان پاکوخاوێن و تەندروست نییە، یان خواردنی پێویست و تەندروستیان پێنادرێت (حسن، ٢٠٢٠، ٩٨، دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، ٢٠١٥، ٢٣، ٢٧)، بۆیە پێویستە جەخت لەسەر پێویستی جێبەجێکردنیی ئەم پابەندییە سەرەکییەی خاوەنماڵ بکرێتەوە، چونکە دەبێتە هۆی پاراستنی شکۆمەندیی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ.

لەلایەکی ترەوە، بەگوێرەی یاسای ویلایەتی ئۆرگنی ئەمەریکی ئەگەرهاتوو کرێکاری ناوماڵ لەناو ماڵی خاوەنکار بمێنێتەوە، ئەوا ڕێگەپێدراوە بەوەی خواردنی تایبەت بەخۆی ئامادەکات بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی دانیشتووانی نێو ماڵەکە[٤٠]. کەواتە بەگوێرەی یاسای ویلایەتی ئۆرگن کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ تەنانەت مافی ئەوەی پێدراوە خواردنی دڵخوازی خۆی ئامادەبکات نەک هەر تەنیا چاوەڕێی خواردنی خاوەنماڵ و خێزانەکەی بکات.

**٢- دابینکردنی چاودێریی تەندروستی:** کاری ناوماڵ لەو کارانەیە کە زیاتر مۆرکی ماددی تیایدا زاڵە و پێویستی بە وەگەڕخستنی توانای جەستەیی هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرجار کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لەژێر پاڵەپەستۆی کار دووچاری کێشەی تەندروستی ببێتەوە کە پێویستی بە چارەسەرە، بۆیە خاوەنماڵ پابەندە بەوەی

تێچووی چارەسەرکردنی لەئەستۆبگرێت. هۆکاری بڕیاردانی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی دارایی کرێکارەکە کە لەوانەیە کرێیەکەی بەشی دابینکردنی پێداویستیەکانی خۆی و خێزانەکەی نەکات (الفشني، ٢٠١٩، ٤٩٩). ئەوەی جێگەی ئاماژەپێدانە لێرەدا، دابینکردنی تێچووی چارەسەری بۆ ئەو نەخۆشییانەیە کەوا کرێکارەکە لە کاتی کارکردندا تووشی دەبێت، چونکە کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ پێش هاتنی بۆ دەوڵەتی میواندار یاخود دوای گەیشتنی بۆ دەوڵەتی نابراو ملکەچ دەبێت بۆ ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکیی ورد، و ڕێگەی پێ نادرێت دەستبەکاربێت تاوەکو ئەنجامی پشکنینەکان دەردەچن و دەردەکەوێت کە تووشبووی نەخۆشیی درێژخایەن و گوازراوە و مەترسیدار نییە[٤١] (بڕوانە؛ بەندی دووەم لە گرێبەستی نموونەیی، پاشکۆی ژمارە ١). و مەبەست لە چارەسەر لێرەدا؛ داودەرمانی داواکراو و کرێی ماندووبونی پزیشک و پشکنینەکان و خەرجیی مانەوەی لە نەخۆشخانە و چاودێریکردنی... هتد دەگرێتەوە (سلیم، ٢٠١٣، ١٠٥). لەم بارەیەوە، یاسای کاری عێراقی ساڵی (٢٠١٥) لە ماددەی (٣/١٢٠)دا جەختی کردووەتەوە لەسەر ئەوەی؛" تێچووی ڕەخساندنی ژینگەیەکی کار-ی تەندروست لە ئەستۆی کرێکاردا نییە، لەوانە: چاودێریی پزیشکی، تێچووی دەرمان و پشکنینی خولی و تاقیگەیی و تیشکی ئێکس و پشکنینەکانی تر". هەروەها لە ماددەی (١١١/ ب. سێیەم) لە یاسای کاری ساڵی (١٩٨٧)دا هاتووە؛ "پێشکەشکردنی دەرمان و چارەسەری بۆ کرێکارەکان بێبەرانبەرە". شایانی باسە ڕێنمایی کارکردنی کرێکارانی بیانی لە کوردستان بە ڕوونی ئاماژەی بەم بابەتە نەداوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە خاوەنماڵی پابەندکردووە بەوەی کرێکارەکە بگەیەنێت بە نزکترین نەخۆشخانە لە کاتی ڕوودانی پێکان لە کاتی کارکردن یان بەهۆی کارەکەی بە مەبەستی چارەسەرکردنی و ئاگادارکردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی کار و کۆمپانیانی هێنەر و نزیکترین بنکەی پۆلیس) لە ڕووداوەکە[٤٢] (بڕوانە؛ بەندی حەوتەم لە گرێبەستی

نموونەیی، پاشکۆی ژمارە ١). بۆیە پێویستە یاسادانەر دەقێکی ڕوون لەم بارەیەوە داڕێژێت چونکە، زۆرجار خاوەنماڵەکان مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ پێشێلدەکەن لە ڕووی بینینی پزیشک لە کاتی پێویست، کڕینی دەرمان، ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکیی خولی (دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، ٢٠١٥، ٣٦-٣٨).

لەلایەکی ترەوە، هەریەکە لە یاسای کرێکارانی خزمەتی هاریکاریی ئیماراتی و پەیڕەوی کرێکارانی ناوماڵان-ی ئوردنی خاوەنماڵیان پابەندکردووە بە دابینکردنی چاودێریی تەندروستی و پزیشکی بۆ کرێکاری ناوماڵ[٤٣].

هەر لەم بارەیەوە، لە ماددەی (١٣/ ١) لە ڕێککەوتننامەی کاری شیاو بۆ کرێکارانی ناوماڵ هاتووە؛ "هەموو کرێکارێکی ناوماڵ مافی لە ژینگەیەکی پارێزراو و تەندروستدا هەیە". هەروەها بەگوێرەی ماددەی (٢٨) لە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی (نەتەوە یەکگرتووەکان) تایبەت بە "پاراستنی مافەکانی تەواوی کرێکارە کۆچکەرەکان/ بیانییەکان ( migrant workers) و ئەندامانی خێزانەکانیان" کرێکاری بیانی مافی لە چاودێریی پزیشکیی بەپەلەدا هەیە و نابێت لەم مافەی بێبەشبکرێت بەهۆی ئەنجامدانی سەرپێچییەکی پەیوەست بە نشینگە یان کارکردن.

**٣- دابینکردنی پێداویستییەکانی سەلامەتیی پیشەیی:** خاوەنماڵ پابەندە بەوەی ژینگەیەکی ماڵ-ی سەلامەت بۆ کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ سازبکات (Meintjes, 1992, p. 230)، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لەسەری پێداویستییەکانی سەلامەتیی پیشەیی بۆ کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ دابینبکات، بە جۆرێک گەرەنتیی پاراستنی کرێکارەکە لە مەترسییەکانی کار و زیانەکانی بکات (زهران، ٢٠٠٩، ٦٧٤). لە بەرانبەردا دەبێت کرێکارەکەش پابەندبێت بە فەرمان و ڕێنماییەکانی

پەیوەست بە ڕێکارەکانی خۆپارێزی کە لەلایەن خاوەنماڵەوە دەردەکرێن (حمزة وعباس، ٢٠٢٢، ٤٣). لەم بارەیەوە، یاسای کاری عێراقیساڵی (٢٠١٥) بە شێوەیەکی گشتی خاوەنکارەکانی پابەندکردووە بە دابینکردنی هۆیەکانی پاراستنی کرێکاران لە مەترسییەکانی پیشە و کارکردن و ئامێرە زیانبەخشەکان، سەرەڕای دابینکردنی فریاگوزاریی پزیشکیی سەرەتایی کە بگونجێت لەگەڵ جۆری کارەکەیان و پێویستە لە شوێنێکی دیار و تەرخانکراو بۆ ئەم مەبەستە دابنرێت[٤٤]. لە هەمانکاتدا کرێکاری پابەندکردووە بە گوێڕایەڵیکردنی فەرمان و ڕێنماییەکانی پەیوەست بە ڕێکارەکانی پاراستن و سەلامەتی پیشەیی [٤٥]. شایانی باسە، ڕێنمایی کارکردنی کرێکارانی بیانی لە کوردستان ئاماژەی بە بابەتی سەلامەتی پیشەیی بۆ کرێکاری بیانیی ناوماڵ نەداوە.

لەلایەکی ترەوە، یاسای کرێکارانی خزمەتی هاریکاری ئاماژەی کردووە بەوەی پێویستە خاوەنماڵ و کرێکاری ناوماڵ پابەندبن بە مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتیی پیشەیی و ڕێگاکانی پارێزگاریی تەندروستی بەگوێرەی ئەوەی دەقی لەسەرکراوە لە لائیحەی جێبەجێکردنی یاساکە و یاسا بەرکارەکانی وڵاتەکە[٤٦]. لەم بارەیەوە، لائیحەی یاساکە خاوەنکار و نوسینگەکانی بەکارخستنی پابەندکردووە بە ئاگادارکردنەوەی کرێکاری ناوماڵ لە مەترسییەکانی پیشەکەی و هۆیەکانی خۆپارێزی، سەرەڕای پابەندکردنیان بە دابینکردنی هۆیەکانی پاراستنی کەسی و هۆیەکانی پارێزگاری لە مەترسییەکانی کار و نەخۆشییە پیشەییەکان بۆ کرێکاری ناوماڵ وەک جلوبەرگ و دەستەوانە و پێڵاو و هەر ئامراز و هۆیەکی تر کە گەرەنتیی سەلامەتیی تەندروستی و جەستەیی کرێکارەکە بکات [٤٧]. کەواتە پێویستە لەسەر خاونماڵ پابەند بێت بە دابینکردنی هۆیەکانی پارێزگاری بۆ پاراستنی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە مەترسی و نەخۆشییە پیشەییەکان، کە پێشبینی دەکرێت

کرێکارەکە تووشیان بێت لە کاتی بەجێگەیاندنی کارەکەیدا. بۆ نموونە؛ وەک ئاگرکوژێنەوە، سندوقی فریاگوزاریی سەرەتایی پزیشکی... هتد. سەرەڕای دابینکردنی هۆیەکانی پاراستنی کەسی، وەک جلوبەرگی تایبەت و دەستەوانە... هتد، ئەمەش بەگوێرەی سروشت و جۆری کارەکە و بارودۆخی جێبەجێکردنەکەی دەگوڕێت. هەروەها خاوەنماڵ پابەند دەبێت بە هۆشیارکردنەوەی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە مەترسییەکانی پیشەکەی و پێڕاگەیاندن و ئامۆژگاریکردنی لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی هۆیەکانی پارێزگاری، و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لە کاتی کەوتنەوەی مەترسییەکان. لەلایەکی ترەوە، یاسای ویلایەتی ڤێرجینیا (Virginia)ی ئەمریکی تایبەت بە کرێکارانی ناوماڵ و پڕۆژە یاسای فیدڕاڵیی تایبەت بە مافەکانی کرێکارانی ناوماڵ جەختیان کردووەتەوە لەسەر بابەتی سەلامەتیی پیشەیی بۆ کرێکارانی ناوماڵ[٤٨]. شایانی باسە، پەیڕەوی کرێکارانی ناوماڵان-ی ئوردنی ئاماژەی بەم بابەتە نەداوە.

لە کۆتاییدا پێویستە پابەندی خاوەنماڵ بە دابینکردنی پێداویستییەکانی سەلامەتیی پیشەیی توندتر بکرێت، چونکە زۆرجار کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ کاری مەترسیداری پێڕادەسپێردرێت بەبێ ڕەچاوکردنی هۆیەکانی خۆپارێزی، وەک ئەنجامدانی کاری پاککردنەوە لە شوێنە بەرزەکان (سلیم، ٢٠١٣، ٦٤)، کە ئەمەش ناگونجێت لەگەڵ ئەو پێوەرە نێودەوڵەتییانەی کە داوادەکەن ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر بۆ گەرەنتیکردنی سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی بۆ کرێکارانی ناوماڵ بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی پەیوەست بە کاری ناوماڵ (اتفاقية العمل اللائق للعمال المنزليين لسنة ٢٠١١، المادة ١٣).

## ٤. کۆتایی

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و چەند ڕاسپاردەیەک دەخەینەڕوو.

### ٤.١ ئەنجامەکان

١- کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ ئەو ئافرەتەیە کەوا هەڵگری ڕەگەزنامە یان هاووڵاتینامەی دەوڵەتی میواندار نییە، و هەڵدەستێت بە بەجێگەیاندنی خزمەتی ناوماڵ بۆ بەرژەوەندیی خاوەنماڵ و خێزانەکەی بەگوێرەی گرێبەستی کارکردنەکەی لەگەڵ خاوەنماڵدا.

٢- "شکۆمەندی لە شوێنی کار" بەهایەکی بنەڕەتییە کە دەبێت دانیپێبنرێت بۆ کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی پێش هەموو شتێک مرۆڤە نەوەک کاڵا و ئامراز. بەڵام دیاریکردنی ناوەڕۆکی چەمکی شکۆمەندی لە شوێنی کار جێگەی مشتومڕە.

٣- ڕەخساندنی ژینگەیەکی کار-ی پارێزراوی دوور لە دەستدرێژیی دەروونی و جەستەیی، دەستەبەری مافی مامەڵەی شکۆمەندانە دەکات بۆ کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ. بەڵام یاسا و ڕێنماییە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان هیچ هەڵوێستێکیان نییە لە بارەی قەدەغەکردنی ئەم جۆرە کردەوانە بەراورد بەوەی هەیە لە یاسا بەراوردکارەکان. هەروەها سزای گێچەڵی سێکسی لە یاسای سزادانی عێراقی بەرکار لە هەرێمی کوردستان سزایەکی تەمبێکەر نییە و لەگەڵ گەورەیی کردارەکە ناگونجێت بەروارد بەو سزایەی هەیە لە یاسای کاری عێراقی ژمارە (٣٧)ی ساڵی (٢٠١٥).

٤- یەکێک لە سیماکانی ژیانی تایبەتی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ بریتییە لە ڕێزگرتن لە بیروباوەڕە ئاینیەکەی و ڕێگەپێدانی بۆ بەجێگەیاندنی ڕێوڕەسمە ئاینیەکانی، کەوا بە یەکێک لە پێکهاتەکانی مافی مامەڵەی شکۆمەندانە لە شوێنی کارکردن دادەنرێت، بەڵام یاسادانەری کوردستانی لە یاسا و ڕێنماییەکانی کار ئاماژەی پێنەداوە.

٥- مافی مامەڵەی شکۆمەندانە وا دەخوازێت ڕێز لە کەسایەتیی یاسایی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ بگیرێت بەوەی بەڵگەنامە فەرمییەکانی لێنەسێنرێتەوە لەلایەن خاوەنماڵەوە. کەچی لە هەرێمی کوردستان ئەم کارە ڕێگەپێدراوە و بە دەقی یاسایی قەدەغەنەکراوە بە پێچەوانەی یاسای ژمارەیەک لەو وڵاتانەی کە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان و عێراق سیستەمی کەفالە پەیڕەودەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بە دەقی یاسایی ڕێگرییان لەم کارە کردووە لەوانە؛ یاسای ئیماراتی.

٦- کارکردنی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە ژینگەیەکی ماڵ-ی تەندروست و سەلامەت لە ڕووی دابینکردنی چاودێریی پزیشکی و دابینکردنی پێداویستییەکانی سەلامەتیی پیشەیی، واتای ئەوە دەگەیەنێت کرێکارەکە سوودمەندبووە لە مافی مامەڵەی شکۆمەندانە لە شوێنی کارکردن، بەڵام ڕێنمایی کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان بە ڕوونی ئاماژەی پێنەکردووە بەراورد بەوەی هەیە لە یاسا تایبەتمەندەکانی وڵاتی ئیمارات و ئوردن و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

## ٤.٢ ڕاسپاردەکان

لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە مامەڵەیەکی شکۆمەندانە، پێشنیازدەکەین بە دەرچوواندنی یاسایەکی تایبەت بە چینی کرێکارانی بواری ناوماڵ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هاوشێوەی وڵاتی ئیمارات و ویلایەتەکانی نڤادا و ئۆرگن و ڤێرجینیای ئەمەریکی، و بێگومان هەنگاوێکی لەم جۆرە هاوتەریبە لەگەڵ ئەو پێوەرە نێودەوڵەتییانەی کەوا داوای پاراستنی مافەکانی کرێکارانی بیانی و کرێکارانی ناوماڵ دەکەن. لەم سۆنگەیەوە، پێشنیازی داڕشتنی چەند دەقێکی یاسایی دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- "کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ بۆی هەیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە واز لە کارەکەی بهێنێت، هەرکاتێک ڕووبەڕووی هەر شێوازێک لە شێوازەکانی دەستدرێژیی جەستەیی و دەروونی بوویەوە لەلایەن خاوەنماڵ یان ئەندامانی خێزانەکەی، و پێویستە لەسەری بە زووترین کات دەسەڵاتی تایبەتمەند لە ڕوودانی دەستدرێژییەکە ئاگاداربکاتەوە".

٢- "پێویستە خاوەنماڵ دەستەبەری مافی کرێکاری بیانیی ناوماڵ بۆ پارێزگاریکردن لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی بکات".

٣- "کرێکاری ناوماڵ مافی بەجێگەیاندنی ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی هەیە، بە مەرجێک دژیەک نەبن لەگەڵ پەیڕەوی گشتی و ئاکارە گشتییەکان".

٤- "پێویستە خاوەنماڵ تێچووی چارەسەرە پزیشکییەکانی کرێکاری ناوماڵ دابینبکات".

٥- خاوەنماڵ پابەنددەبێت بە ئاگادارکردنەوەی کرێکاری ناوماڵ لە مەترسییەکانی پیشەکەی و هۆیەکانی خۆپارێزی، سەرەڕای دابینکردنی هۆیەکانی پاراستنی کەسی و هۆیەکانی پارێزگاری لە مەترسییەکانی کار و نەخۆشییە پیشەییەکان.

## ٥. پەراوێزەکان

[١] ڕێککەوتننامەی ژمارە (١٨٩) لەگەڵ ڕاسپاردەی ژمارە (٢٠١) لەلایەن ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی دەرچووە، تاوەکو ئێستا لەلایەن (٣٥) وڵاتەوە پەسەندکراوە، بەڵام هێشتا هەریەکە لە وڵاتانی عێراق و ئوردن و ئیمارات و ئەمەریکا پەسەندیان نەکردووە. بۆ زانینی وڵاتە پەسەندکارەکان بڕوانە ئەم لینکەی خوارەوە: https://www.ilo.org/dyn/normlex/en/f?p=NORMLEXPUB:11300:0::NO::P11300_INSTRUMENT_ID:2551460 >. بەرواری سەردان: ٢٠٢٢/٥/١.

[٢] ماددەی (١١/١) لە ڕێنمایی کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە ٢ ی ساڵی٢٠١٥، لە ژمارە (١٨٦) ی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٥/١٠.

[3] The original text in English: ("Domestic worker" means an individual who works in the home of another person for the purpose of caring for a child, doing housekeeping or providing other domestic service and who is not compensated with public funds for the work performed.) OR 2015), sec. 1 (b) (A).(SB 552

[٤] تنظر المادة (٢) من النظام رقم ٩٠ لسنة ٢٠٠٩ (نظام العاملين في المنازل وطهاتها وبساتينها ومن في حكمهم لسنة ٢٠٠٩) وتعديلاته،

[٥] تنظر المادة (٢/١) من قانون إقامة الأجانب رقم ٧٦ لسنة ٢٠١٧.

[6] The original text in English: (The term ''alien'' means any person not a citizen or national of the United States.) Immigration and Nationality act and its amendments, sec. 101 (3).

[7] The original text in English: (The term ''national of the United States'' means (A) a citizen of the United States, or (B) a person who, though not a citizen of the United States, owes permanent allegiance to the United States.) Immigration and Nationality act and its amendments, sec. 101(a) (22).

[٨] مەبەست لە نیشتیمانگە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییە تایبەتەکان (نیشتیمانگەی نێودەوڵەتی) بریتییە لە پەیوەندیی تاکێک بە هەرێمی دەوڵەتێکی دیاریکراو نەوەک شوێنێکی دیارکراو لە هەرێمەکەی کە لەم حاڵەتەدا پێی دەوترێت نیشتیمانگەی نێوخۆیی (خالد، ٢٠١٥، ٣٠، ٣١). زانایانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت پێناسەی نیشتیمانگەی نێودەوڵەتییان کردووە بەوەی؛ ئەو هەرێمەیە یان ئەو دەوڵەتەیە کەوا کەسێک بە شێوەیەکی هەمیشەیی تیایدا نیشتەجێدەبێت، و ئەگەر بەجێیبهێڵێت ئەوا نیەتی گەڕانەوەی هەیە بۆی". (لزنم، ٢٠٢١، ١٨٥). شایانی باسە؛ یاسای مەدەنی عێراقی پێناسەی نیشتیمانگەی نێودەوڵەتی نەکردووە بەڵکو ئەوەی هەیە لە مادده (٤٢) مەبەست لێی نیشتیمانگەی نێوخۆییە کاتێک دەڵێت؛ "نیشتیمانگە ئەو شوێنەیە کەوا کەسێک بە شێوەیەکی هەمیشەیی یاخود کاتیی تیایدا نیشتەجێ دەبێت...".

[9] جێگەی ئاماژەپێکردنە، دوای گەڕانەوەمان بۆ بڕیارەکانی دادگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، بڕیارێکی وامان دەستنەکەوت کە بە ڕوونی ئاماژەی بە "چەمکی شکۆمەندی شوێنی کار یان کرێکار" دابێت.

[10] ئەم پڕۆژەیە لە ساڵی (٢٠٠١) پێشکەشی ئەنجوومەنی لۆردەکان-ی بەریتانیا کراوە و دوو جار خوێندنەوەی بۆ کراوە، بەڵام نەبووە بە یاسا (Omari, 2007, 19).

[11] ينظر تعريف "التحرش الجنسي" في قانون العمل العراقي رقم ٣٧ لسنة ٢٠١٥، المادة ٣/١٠.

See also, definition of sexual harassment in the Illinois domestic workers' Bill of Rights Act / ILL HB1288, (2016)", Sec. 2-101 (E).

[12] "مەبەست لە "جیاکاری" بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی جیاکاری لە بەکارخستن و پیشە بریتییە لە هەر جودایی کردن یان دوورخستەوەیەک یاخود هەر پێشخستنێک کە لەسەر بنەمای بنەچە یان ڕەنگ یان ڕەگەز یان ئاین یان بیروڕای سیاسی یان بنچینەی نیشتیمانی یان بنچینەی کۆمەڵایەتی دەکرێت کەوا کاردەکاتە سەر پۆچەڵکردنەوە یاخود لاوازکردنی یەکسانی دەرفەتەکان یاخود یەکسانی مامەڵەکردن لە بەکارختسن یان پیشە". See, Discrimination (Employment and Occupation) Convention, ILO, 1958 (No. 111) Art. 1 (a)).

[13] See, Discrimination (Employment and Occupation) Convention, ILO, 1958 (No. 111) Arts. 1, 2. تنظر المادة (١/٤٢/ج) من قانون العمل العراقي رقم ٣٧ لسنة ٢٠١٥.

[١٤] تنظر المادة (٥) من اتفاقية العمل اللائق للعمال المنزليين رقم ١٨٩ لسنة ٢٠١١، والفقرة (٧) من توصية العمل اللائق للعمال المنزليين رقم ٢٠١ لسنة ٢٠١١.

[١٥] تنظر المادتين (١/٣٩٣) و (٤١٠) من قانون العقوبات العراقي رقم ١١١ لسنة ١٩٦٩.

[١٦] ينظر حكم محكمة التمييز الاتحادية (العراقية)، رقم (٧٤٧٨)، تاريخ اصدار الحكم: ٢٠٢١/١٢/٥.

[١٧] شایانی باسە، یاسای کاری ژمارە (٧١)ی ساڵی (١٩٨٧) بەرکار لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی کرێکارانی ناوماڵی هەڵاوێردە نەکردووە، بەڵام هەڵاوێردەیەکی بەشەکی تێدایە کەوا ئەم چینەی هەڵاوێردە کردووە لە ئەحکامەکانی (ماوەی کارکردن)، هەر بەگوێرەی یاسای ناوبراو دیاریکردنی ماوەی کارکردنی کرێکارانی ناوماڵ بە ڕێنمایی دیاریدەکرێت کەوا لەلایەن وەزیری کار و کاروباری کومەڵایەتی دەردەچێت (تنظر؛ المادة (٦٦/ أولا وثالثا) من قانون العمل رقم ٧١ لسنة ١٩٨٧). بەڵام بە دەرچوونی یاسای کاری ژمارە (٣٧) ی ساڵی (٢٠١٥) یاسادانەر ئەم هەڵاوێردەیەی لابرد و بە تەواوی کرێکارانی ناوماڵی ملکەچ کرد بۆ یاساکە، هەرچەندە هیچ ئەحکامێکی تێدا نییە کە تایبەت بێت بەم چینەی کرێکاران.

[١٨] تنظر المادة (١١/هـ) من نظام العاملين في المنازل وطهاتها وبساتينها ومن في حكمهم، رقم ٩٠ لسنة ٢٠٠٩ وتعديلاته.

[19] OR SB 552 (2015), sec. 1 (4) (b).

[٢٠] تنظر المادة (٥/١٥) من قانون عمال الخدمة المساعدة رقم ١٠ لسنة ٢٠١٧.

[٢١] تنظر المادة (٢/٩) من اللائحة التنفيذية لقانون عمال الخدمة المساعدة رقم ١٠ لسنة ٢٠١٧.

[٢٢] تنظر المادتين (٣/٣، ٧/٤) من قانون عمال الخدمة المساعدة رقم ١٠ لسنة ٢٠١٧.

[٢٣] تنظر المادة (٣٠) من قانون عمال الخدمة المساعدة رقم ١٠ لسنة ٢٠١٧.

[٢٤] تنظر المادة (١٧/أولا) من دستور جمهورية العراق.

[٢٥] پەیڕەوەکە دەقی کردووە لەسەر ئەوەی؛ "خاوەنماڵ پابەندە بە: تەئمین کردنی سەرجەم پێداویستیەکانی ....وە مافی لە تایبەتمەندی" (تنظر المادة (٤/د) من نظام العاملين في المنازل وطهاتها وبساتينها ومن في حكمهم، رقم ٩٠ لسنة ٢٠٠٩ وتعديلاته).

[٢٦] پرۆژە یاسایەکی فیدراڵیە لە ساڵی (٢٠١٩) پێشکەشی کۆنگرێسی وڵاتەکە کراوە، دوو جار خوێندنەوەی بۆ کراوە، بۆ وردەکانی زیاتر بڕوانە ئەم لینکەی خوارەوە: <https://www.congress.gov/bill/116th-congress/senate-bill/2112/all-info> بەرواری سەردان: ٢٠٢٢/٧/٢٧.

[27] US Domestic Workers Bill of Rights Act, S.2112, Sec. 114 (a) (1).

[٢٨] مادده (١٦/و) لە ڕێنمایی کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٥).

[٢٩] المادة (٤/هـ) من نظام العاملين في المنازل وطهاتها وبساتينها ومن في حكمهم، رقم ٩٠ لسنة ٢٠٠٩ وتعديلاته.

[30] US Domestic Workers Bill of Rights Act, S.2112, Sec. 112, sec. 8 (c) (1) (A).

Also, NV SB 232, (2017), Sec. (6) 1(i).

[31] US Domestic Workers Bill of Rights Act, S.2112, Sec. 114 (d).

[32] US Domestic Workers Bill of Rights Act, S.2112, Sec. 114 (a) (2).

Also, NV SB 232, (2017), Sec. (6) 1(i).

[٣٣] بڕوانە؛ بەندی هەشتەم لە نموونەی گرێبەستی کارکردنی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ، پاشکۆی ژمارە ١، هەروەها بەندی دووەم لە نموونەی گرێبەستێکی تری واژۆ کراو لەم بارەیەوە/ پاشکۆی ژمارە ٢).

[٣٤] تنظر المادة (٩/ أولا/ د) من قانون العمل العراقي رقم ٣٧ لسنة ٢٠١٥.

[٣٥] تنظر المادة (٩/١٥) من قانون عمال الخدمة المساعدة، رقم ١٠ لسنة ٢٠١٧.

[36] US Domestic Workers Bill of Rights Act, S.2112, Sec. 114 (a) (3).

Also, NV SB 232, (2017), Sec. (6) 1(i). OR SB 552 2015), Sec. (1) (4) (a).(

[٣٧] کەفالە؛ سیستەمێکە لە وڵاتانی وەک ئوردن و ئیمارات و عێراق و کوردستان پەیڕەو دەکرێت، بەگوێرەی ئەم سیستەمە دەوڵەتی میواندار هاتنە ناوەوەی کرێکاری بیانی بۆ ناو هەرێمەکەی هەڵدەپەسێرێت لەسەر کەفالەتکردنی لەلایەن هاووڵاتیەکی وڵاتەکەی، بەگوێرەی سیستەمەکە کەفیل (خاوەنکار) بەرپرسیاریەتی یاسایی و دارایی لە کرێکارە بیانییەکە هەڵدەگرێت بە

درێژایی ماوەی گرێبەستەکەی کە زۆربەی جار (٢) ساڵە ( Murray, Heather .(E., 2012, pp. 467.

[٣٨] بڕوانە؛ ماددەی (١٦/هـ) لە ڕێنمایی کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە ٢ ی ساڵی٢٠١٥. و ماددەی (٢/١٥، ٣) لە یاسای کرێکارانی خزمەتی هاریکاری ژمارە ١٠ ی ساڵی ٢٠١٧. و ماددەی (٤/د) لە پەیڕەوی کرێکارانی ناوماڵ-ی ئوردنی، ژمارە ٩٠ ی ساڵی ٢٠٠٩ و هەموارەکانی.

[٣٩] اتفاقية العمل اللائق للعمال المنزليين رقم ١٨٩ لسنة ٢٠١١، المادة ٧/ ح. والتوصية رقم ٢٠١ بشأن العمل اللائق للعمال المنزليين، الفقرة ١٧/أ، ج، د.

2015), sec. (1) (2) (d).([40] OR SB 552

[٤١] بڕوانە؛ مادده (١٧/ دووەم/ ب) لە ڕێنمایی کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥، هەروەها مادده (١/أ/١٥) لە پەیڕەوی ڕێکخستنی نووسینگەکانی بەکارخستنی کرێکارە نائوردنییەکانی ناوماڵ ژمارە (٦٣) ی ساڵی (٢٠٢٠). و مادده (١/٧/ أ) لە لائیحەی جێبەجێکردنی یاسای کرێکارانی خزمەتی هاریکاری ئیماراتی ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠١٧).

[٤٢] تنظر المادة (٤/١٥) من قانون عمال الخدمة المساعدة رقم ١٠ لسنة ٢٠١٧. والمادة (٤/ح) من نظام رقم ٩٠ لسنة ٢٠٠٩ (نظام العاملين في المنازل وطهاتها وبساتينها ومن في حكمهم لسنة ٢٠٠٩) وتعديلاته.

[٤٣] بڕوانە؛ مادده (١٦/یەکەم/ ب) لە ڕێنمایی کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١٥.

[٤٤] قانون العمل العراقي رقم ٣٧ لسنة ٢٠١٥، المادة ١/١١٨. تقابلها المادة (١٠٨/ ١) من قانون العمل العراقي النافذ في اقليم كوردستان-العراق رقم ٧١ لسنة ١٩٨٧.

[٤٥] قانون العمل العراقي رقم ٣٧ لسنة ٢٠١٥، المادة ١١٩/أ. تقابلها المادة (١٠٩) من قانون العمل العراقي النافذ في اقليم كوردستان-العراق رقم ٧١ لسنة ١٩٨٧.

[٤٦] تنظر المادة (١٨) من قانون عمال الخدمة المساعدة رقم ١٠ لسنة ٢٠١٧.

[٤٧] تنظر المادة (١٤) من اللائحة التنفيذية لقانون عمال الخدمة المساعدة رقم ١٠ لسنة ٢٠١٧.

[48] VA HB 2032, (2021), § 40.1-49.3, § 40.1-49.8. US Domestic Workers Bill of Rights Act, S.2112, Secs. 121, 302 (a) (1) (C) (ii) (III).

## ٦. لیستی سەرچاوەکان

### ٦.١ سەرچاوە عەرەبی و کوردییەکان

**یەکەم: پەرتووکەکان**


- جبر، محمود سلامة، ٢٠١٦، الحماية الدستورية والقضائية لخصوصية البيانات الشخصية للعمال، ط ١، مطبعة أبناء وهبة محمد حسان، القاهرة.
- حسن، حسام الدين محمود محمد، ٢٠٢٠، حقوق عمال الخدمة المنزلية ومن في حكمهم، ط ١، مركز الدراسات العربية للنشر والتوزيع، مصر.
- الحداد، حفيظة السيد، ٢٠٠٥، موجز في الجنسية ومركز الأجانب، ط ١، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت-لبنان.
- حمزة، فراس عبدالرزاق، وبدوي، زهراء محمد ناصر، ٢٠٢١، حق العامل في الخصوصية، ط ١، المركز العربي للنشر والتوزيع، مصر.
- حمزة، فراس عبدالرزاق، وعباس، علي ضياء، ٢٠٢٢، النظام القانوني لالتزام صاحب العمل بتوفير متطلبات الصحة والسلامة المهنية للعامل، ط١، المركز العربي للنشر والتوزيع، مصر.
- خالد، هشام، ٢٠١٥، الموطن الدولي، منشاة المعارف، الاسكندرية.
- زهران، همام محمد محمود، ٢٠٠٩، قانون العمل -عقد العمل الفردي، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية.

- سليم، الهيثم عمر، ٢٠١٣، الحماية القانونية لعمال الخدمة المنزلية ومن في حكمهم، ط ١، دار النهظة العربية، القاهرة.
- لزنم، مبارک علوي محمد، ٢٠٢١، القانون الدولي الخاص في التشريع اليمني والتشريعات الدوليه، ط١ مركز القلم للتدقيق اللغوي والترجمة والطباعة.

**دووەم: نامە زانکۆییەکان**

- سعاد، بنور، ٢٠١٧، حماية الحياة الخاصة للعامل، اطروحة دكتوراه، جامعة وهران-2، كلية الحقوق والعلوم السياسية.
- محمد، نصرالدين سليمان، ٢٠٢١، النظام القانوني للجرائم المتعلقة بإقامة الأجانب، اطروحة دكتوراه، جامعة سوران-فاكلتي القانون والعلوم السياسة و الادارة.

**سێیەم: توێژینەوە زانستییەکان**

- بلعرج، محمد أمين، وعواد، بلعبدون، ٢٠٢١، مفهوم الكرامة الإنسانية وتطبيقاته في علاقات العمل، مجلة قانون العمل والتشغيل، (٦) ١.
- تبوب، فاطمة الزهراء ربحي، ٢٠٢١، سرية المراسلات والاتصالات الالكترونية حقا يضمنه القانون، مجلة الدراسات القانونية (صنف ج)، (٧) ٢.

- سعيد، محمد محمد القطب مسعد، ٢٠١٩، خصوصية التنظيم القانوني لعمل المرأة في مجال الخدمة المنزلية، مجلة الشريعة والقانون، (١) ٣٤.

- الفشني، محمد يونس، ٢٠١٩، الحماية القانونية لعمال الخدمة المساعدة" مجلة الدراسات القانونية، (٤٦) ٢.

- المصاورة، هيثم حامد، ٢٠١٤، الحماية القانونية للمرأة العاملة في مواجهة الاعتداءات الشخصية والعنف، مجلة الشريعة والاقتصاد- جامعة الأمير عبدالقادر للعلوم الإسلامية/كلية الشريعة والاقتصاد، (٣) ٥.

- نعيمة، مكيد، ورضا، بن سالم، ٢٠٢١، ضمانات حماية المراسلات والاتصالات الهاتفية والالكترونية على الصعيدين الدولي والوطني، دفاتر البحوث العلمية (٩) ٢.

**چوارەم: ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان**

- إسيم، سميل ، وسميث، مونيكا، ٢٠٠٥، المرأة المهاجرة في الدول العربية: وضع العمال المنزليين، منظمة العمل الدولية، المكتب الإقليمي للدول العربية-بيروت.

- منظمة العمل الدولية، مكتب العمل الدولي-جنيف،٢٠١٢، ألفباء حقوق المرأة العاملة والمساواة بين الجنسين ١، ط ٢، بيروت- لبنان.

- منظمة العمل الدولية، مكتب العمل الدولي-جنيف، ٢٠١٢، الحماية الفعالة للعمال المنزليين: دليل لوضع قوانين العمل ٢، ط ١ بيروت-لبنان.

**پێنجەم: دیمانەکان**

- حمد، سەربەست (خاوەنی کۆمپانیای -کورنەر تو کورنەر- بۆ هێنانی دەستی کاری بیانی)، ٢٠٢٢/٧/٢٩، دهۆک.

- عثمان، نزمی موسا (جێگری بەڕێوبەری گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی)، ٢٦/ ١/ ٢٠٢٢، هەولێر.

- مروان، عبدالسلام (بەڕێوەبەری کار و ڕاهێنانی پیشەیی- سۆران)، ٩/ ١/ ٢٠٢٢، سۆران.

**شەشەم: ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و یاساکان**

- اتفاقية العمل اللائق للعمال المنزليين رقم ١٨٩ لسنة ٢٠١١، توصية العمل اللائق للعمال المنزليين رقم ٢٠١ لسنة ٢٠١١.

- دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥.

- قانون المدني العراقي رقم ٤٠ لسنة ١٩٥١.

- قانون العقوبات العراقي رقم ١١١ لسنة ١٩٦٩.

- قانون العمل العراقي النافذ في اقليم كوردستان-العراق رقم ٧١ لسنة ١٩٨٧.

- قانون العمل العراقي، رقم ٣٧ لسنة ٢٠١٥.

- قانون إقامة الأجانب العراقي، رقم ٧٦ لسنة ٢٠١٧.

- ڕێنمایی کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە ٢ ی ساڵی٢٠١٥، لە ژمارە (١٨٦) ی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٥/١٠.

- قانون الإماراتي بشأن دخول وإقامة الأجانب رقم ٦ لسنة ١٩٧٣ وتعديلاته.

- قانون عمال الخدمة المساعدة الإماراتي، رقم ١٠ لسنة ٢٠١٧.

- قرارمجلس الوزراء رقم ٢٢ لسنة ٢٠١٩ في شأن اللائحة التنفيذية للقانون الاتحادي (الإماراتي) رقم ١٠ لسنة ٢٠١٧ بشأن عمال الخدمة المساعدة.

- قانون الإقامة وشؤون الأجانب الأردني رقم ٢٤ لسنة ١٩٧٣ وتعديلاته.

- نظام رقم ٩٠ لسنة ٢٠٠٩ (نظام العاملين في المنازل وطهاتها وبساتينها ومن في حكمهم لسنة ٢٠٠٩) الأردني وتعديلاته.

- نظام تنظيم المكاتب العاملة في استقدام غير الأردنيين العاملين في المنازل رقم ٦٣ لسنة ٢٠٢٠.

**حەوتەم: بڕیاری دادگاكان**

- حكم محكمة التمييز الاتحادية (العراقية)، رقم (٧٤٧٨)، تاريخ اصدار الحكم: ٢٠٢١/١٢/٥.

**هەشتەم: سەرچاوەكانی تر**

- الصديقي، علي فيصل ، ٢٠١٩ ،دور تفتيش العمل في حماية العمالة الوافدة في دول الخليج العربية ، ورقة عمل مقدمة إلى إجتماع الخبراء حول تفتيش العمل في الدول العربية :الواقع والآفاق، منظمة العمل العربية، تونس.

- فرحات، علي أحمد سالم، ٢٠٢١، إثبات التحرش الجنسي بالقرائن الطبية المعاصرة، بحث مقدم إلى مؤتمر (القرائن الطبية المعاصرة وآثارها الفقهية) المنعقد بجامعة الإمام محمد بن سعود الأسلامية-الرياض.

- مجموعة البناء المسؤول، ٢٠١٩، مبادىء رعاية العمال: المبدأ الأول، مذكرة إرشادية، متوفرة على الرابط: https://www.building-responsibly.org/s/BR_Guidance-Note-1_Final-2019_ara.pdf، بەرواری سەردان: ٢٠٢٢/٥/٥.

- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان، ٢٠١٥، "ڕاپۆرتی ڕاپرسی تایبەت بە كرێكاری بیانی لە كوردستان"، هەولێر.

## 6.2 English References

### First: Books and Theses

- Bal, Matthijs, 2017, *Dignity in The Workplace*, plagrave macmillan, UK.
- Peyton, Pauline Rennie, 2003, *dignity at work: eliminate Bullying and create a positive working environment*, Brunner-Routledge, New York.
- Bolton, Sharon C., 2007, *Dimensions of Dignity at Work*, Butterworth Heinemann. UK.
- Omari, Maryam, 2007, *Towards Dignity and Respect at Work: An exploration of bullying in the public sector.* PhD Dissertation, Edith Cowan University.
- Lirieka Meintjes, 1992, *The Domestic Worker: Some Consideration for Law Reform*, Master's Thesis, Rhodes University.

### Second: Journals, Papers and Reports

- Demarso, Y. K., Abba, B. A. 2020, *Legal Protection for Domestic Workers: The Case of*

*Wolaita Sodo Town, Ethiopia*, Beijing Law Review, (11).

- Murray, Heather E., 2012, *Hope for Reform Springs Eternal: How the Sponsorship System, Domestic Laws and Traditional Customs Fail to Protect Migrant Domestic Workers in GCC Countries,* Cornell International Law Journal, Vol. 45.
- Floridi, Luciano, 2016, *On Human Dignity as a Foundation for the Right to Privacy*, Philos. Technol. 29, 307–312.
- Kagan, Sophia, 2017, *Domestic workers and employers in the Arab States: Promising practices and innovative models for a productive working relationship*, ILO white paper/ International Labour Organization, Regional Office for Arab States, Beirut.
- Ramiraz-Machado, José Maria, 2003, *Domestic work, conditions of work and employment: a legal prespective*, Series No.7, International Labour Office, Switzerland- Geneva.

**Third: International Conventions**

- *UN convention on the Protection of the Rights of All Migrant Workers and Members of Their Families*: Adopted by General Assembly resolution 45/158 of 18 December 1990.
- *ILO Convention on Discrimination (Employment and Occupation)*, 1958 (No. 111).

**Fourth: U.S. Legislation and Bills**

- Immigration and Nationality act and its amendments, [Act of June 27, 1952].
- OR SB 552 (2015).
- ILL HB1288, (2016).
- NV SB 232, (2017).
- VA HB 2032, (2021).
- Domestic Workers Bill of Rights Act, S.2112, U.S. Congress, 116th session, July 15, 2019.

**Fifth: Online sources**

- Constitution Annotated, https://constitution.congress.gov/browse/essay/artIII_S2_C1_3_5_1/ , accessed: 8 /11/ 2021.

- SGM Law Group, 2021, https://www.immi-usa.com/citizenship-vs-nationality/, accessed: 7/11/2021.


- Path2usa, <https://www-path2usa-com.cdn.ampproject.org/v/s/www.path2usa.com/amp/us-national-vs-us-citizen?amp_gsa=1&amp_js_v=a9&usqp=mq331AQKKAFQArABIIACAw%3D%3D#amp_tf=From%20%251%24s&aoh=16567441311819&referrer=https%3A%2F%2Fwww.google.com&ampshare=https%3A%2F%2Fwww.path2usa.com%2Fus-national-vs-us-citizen >, accessed: 10/5/ 2022.

- Dignity at Work Bill 2001, sec. 1 (2), available at: <https://www.cms-lawnow.com/ealerts/2002/01/dignity-at-work-bill-2001?cc_lang=en > accessed: 27/7/2022

- International Labour Organization <https://www.ilo.org/public/english/standards/relm/ilc/ilc87/rep-i.htm> accessed: 22/7/2022.

- ESCWA, < https://www.unescwa.org/sd-glossary/dignity-work> accessed: 29/7/2022.

# پاشکۆ



| | |
|---|---|
| رقم العقد | [redacted] |
| التاريخ | 2022/0[redacted] |

بەڕێوەبەرایەتی کار / هەولێر — کرێکاری بیانی — اربیل

*ئەم گرێبەستە لەنێوان دوو لایەن ئەنجامدراوە، لایەنی یەکەم:کۆمپانیای([redacted]) بۆ (هێنانی دەستی کاری بیانی)

مەرایز و [redacted] خاوەن کۆمپانیا [redacted]

لایەنی دووەم ، داواکاری کرێکار ،خاوەن ماڵ (هە[redacted]ن) ناونیشا[redacted]ژمارەی موبای[redacted]

*کرێکاری داواکراو [redacted]،ژ.پاسپۆرت (C[redacted])، رەگەزنامە (INDONESIA)

**هەردوو لا ڕێککەوتن لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:-**

١_ لایەنی یەکەم هەڵدەستێ بەدابینکردنی شوێنێکی گونجاو بۆ کرێکاری بیانی لەکاتی گەیشتنی بۆ ناو هەرێم.

٢_ لایەنی یەکەم هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی پشکنینە پزیشکیە پێویستەکان بۆ کرێکار لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان، کە ڕێپێدراو بێت لەلایەن وەزارەتی تەندروستی هەرێم، ئەگەر دەرکەوت نەخۆشییەکی درمی هەیە یا دەرکەوت ئافرەتەکە دووگیانە ئەوا پێویستە کۆمپانیا لە ماوەی (24) کاتژمێردا بیگەڕێنێتەوە وڵاتی خۆی.

٣_ لایەنی یەکەم هەڵدەستێ بە سەردانکردنی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان بۆ تەواوکردنی مامەڵەکانی کرێکار لە ماوەیەک کە لە (١٥) ڕۆژ تێنەپەڕێت.

٤_ ڕادەستکردنی کرێکار بە خاوەن ماڵ لەماوەی (٣) سێ ڕۆژدا دوای گەیشتنی بۆ ناو هەرێم و دڵنیابوون لە سەلامەتی تەندروستی، بەهیچ شێوەیەک نابێت کۆمپانیا لای خۆی بیهێڵێتەوە یان بیدات بە کەسێکیتر.

٥_ کرێکاری داواکراو بۆ ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لەژێر تاقیکردنەوەدا دەبێت، لەلای خاوەن ماڵ (لایەنی دووەم)، کۆمپانیا بۆی هەیە دوای ئەو ماوەیە وەری نەگرێتەوە تا ماوەی دیاریکراوی گرێبەست تەواو دەبێت، لەگەر وەریشی بگرێتەوە بۆی هەیە داوای قەرەبوو بکات بەئەندازەی ئەو زیانانەی کەوتوە).

٦_ لایەنی دووەم پابەند دەبێت بەپێدانی کرێی مانگانەی کرێکار بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیان کە بریتیە لە(35000) دیناری عێراقی، لە ڕێی پسولەی باوەڕپێکراو یا کردنەوەی حیساب بانک بەناوی کرێکارە بیانیەکە.

٧_ لەکاتی نەخۆشکەوتنی کرێکار لەلای لایەنی دووەم، پێویستە لەسەر خاوەن ماڵ بیگەیێنێتە نزیکترین نەخۆشخانە، ئاگاداری ڕووداوەکە و ئەنجامی پشکنینەکە بە (بەڕێوەبەرایەتی کار، کۆمپانیای هێنەر و نزیکترین بنکەی پۆلیس).

٨_ مامەڵەکردن لەگەڵ کرێکار بەڕێزەوە و، دابینکردنی گشت پێداویستییە گونجاوەکانی کارکردن و، دابینکردنی پێداویستییەکانی خودی کرێکار لە خۆراک و پۆشاک و تەرخانکردنی ژوورێکی تایبەت کە هۆکارەکانی حەوانەوە و نوستنی تێدابێت.( پاسپۆرت و کارتی نیشینگەی کرێکار خاوەن ماڵ دەیپارێزێت).

٩_ لایەنی دووەم لەشوێنی مانەوەی بەردەوام یان کاتی خۆی و خێزانەکەی کاری پێدەکات و، هیچ کەسێکیش بۆی نییە فەرمانی کارکردنی پێبدات، جگە لە خاوەن ماڵ و ئەندامانی خێزان.

١٠_ خاوەن ماڵ دەبێ هۆکارەکانی پەیوەندیکردن دابین بکات دووجار لە مانگێکدا، کرێکار بۆی هەیە لەسەر ئەرکی خۆی پەیوەندی زیاتر ئەنجام بدات.(لەحاڵەتی بوونی هەر کەمتەرخەمیەک یا دابینکردنی مۆبایل و کەوتنەوەی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو بەهۆیەوە، ئەوا خاوەن ماڵ لێی بەرپرسیارە).

١١_ لەکاتی ڕاکردنی کرێکار یان ونبوونی، پێویستە خاوەن ماڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار بکاتەوە (بەڕێوەبەرایەتی کار، کۆمپانیای هێنەر و بەڕێوەبەرایەتی نشینگە).لە ماوەیەک کە زیاتر نەبێ لە 24 کاتژمێر .

١٢_ کرێکار پابەند دەبێت بە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە خاوەن ماڵ داوایان دەکات و گونجاون لەگەڵ سروشتی کارەکەی و هەروەها دژی بنچینە یاساییەکان و داب و نەریتی گشتی نەبن .

١٣_ ڕێز لەئەندامانی خێزانەکە و تایبەتمەندیەکانی ئەو ماڵە دەگرێت کە کاری تێدا دەکات وەکو پەل و نهێنیەکانی ناو ماڵەکە دەپارێزێت تەنانەت دوای جێهێشتنی ماڵەکەش .

١٤_ پابەند دەبێت بەوەی کە لەکاتەکانی کارکردندا ماڵەکە جێ نەهێڵێت بەبێ مۆڵەتی خاوەن ماڵ بەتایبەت دوای کاتژمێر ١٠ی شەو بۆی نیە لە پارک و مۆڵ و شوێنە گشتییەکان بێت ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە لەگەڵی نەبون .

١٥_ ڕێی تێچوی گەڕانەوەی کرێکار لەماوەی گرێبەست یان لەدوای تەواوبونی ماوەی گرێبەست بەندە بە ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکانی گرێبەست (لایەنی دووەم).

١٦_ لە کاتی مردنی کرێکار پێویستە لە سەر خاوەن ماڵ هەڵبستێت بە :

أ-ئیڕا ئاگاداردنی کۆمپانیای هێنەر و بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار و نزیکترین بنکەی پۆلیس لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا .

ب- لەسەر کۆمپانیای هێنەر پێویستە بەڵگەنامەی کۆچکردن بۆ مردووەکە ڕێک بخات و ئامادەکاری بکات بۆ گواستنەوەی تەرمەکەی بۆ وڵاتی خۆی بەپێی مەراسیمی ئاینی خۆی بەمەرجێک پێچەوانە نەبێت لەگەڵ ئەوەی کە لەهەرێم کاری پێدەکرێت .

١٧_ ئەم گرێبەستە بۆماوەی 2ساڵە ، بە ڕەزامەندی (کرێکار و خاوەن ماڵ و بەڕێوەبەرایەتی کار) دەکرێ ماوەکەی درێژ بکرێتەوە بەبێ بەرامبەر.

١٨_ ئەم گرێبەستە لەنێوان هەردوو لایەن واژۆکرا لەبەرواری ( 20 / 07 / 2022 ) لەکاتی هاتنی کرێکار بۆناو هەرێم و وەرگرتنی پەنجەمۆری دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

١٩_ ... هۆشیارکردنی کرێکاران بە ژمارە(5500) کە تایبەتە بە پاراستنی مافی کرێکاران هەر کرێکارێک یاخود خزمەتکارێک سکاڵای هەبێت لەسەر خاوەن کۆمپانیا یاخود خاوەن ماڵ دەتوانن پەیوەندی بەم هێڵە بکەن تاکو بە دواداچوون لەسەر سکاڵاکانیان بکە

لایەنی دووەم [redacted]

لایەنی یەکەم کۆمپانیای [redacted] بۆ ... دەستی کار


Mobile[redacted]

E-mail: [redacted]

[redacted] هەولێر

١- نموونەی گرێبەستی کارکردنی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە هەرێمی کوردستان

## ٢- نموونەی گرێبەستی کارکردنی کرێکاری ئافرەتی بیانیی ناوماڵ لە هەرێمی کوردستان



[redacted] COMPANY

کۆمپانیا [redacted]

بۆ دابین کردنی دەستی کاری بیانی / سنووردار

گرێبەست

لایەنی یەکەم ، کۆمپانیای بابەوان بۆ دابین کردنی دەستی کاری بیانی

ژن / [redacted]

لایەنی دووەم / [redacted]

ژ.پاسپۆرت / [redacted] رەگەزنامە [redacted]

لایەنی سێیەم خزمەتکار / [redacted]

موچەی مانگانە ( ٢٠٠ ) $ دەبێت

*ئەو خاڵانەی لەسەری رێک دەکەون *

١- ئەو کار گوزارەی کە لایەنی یەکەم دابینی دەکات بە شێوەیەکی گونجاو بێ کەم و کوری لە بەجێ گەیاندنی کارەکانیان بە ئەرکەکانی خۆی هەڵدەستێت وە پێویستە لەگەڵ خاوەن کارو ئەو کەسانەی کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات لە چوارچێوەی رێزو پێزانین بێت بە پێچەوانەوە خۆی بەرپرس دەبێت بە پێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت .

٢- لە بەرواری واژوو کردنی گرێبەستەکەوە لەسەر لایەنی یەکەمە کە هەڵدەستێت بە تەسلیم کردنی پاسپۆرت و کارتی مانەوە پشکنینی پزیشکی بە لایەنی دووەم وە ئەو بەڵگە نامانە لای لایەنی دووەم دەمێنێتەوە تا کۆتای هاتن بە گرێبەستەکە .

٣- لایەنی دووەم بۆی نیە رێگە بدات تەنها کارگوزار لە شوێنی دیاری کراو کاری پێ بکات وە نابێت بیگوازێتەوە بۆ ماڵی تر یان لە شوێنی گشتی کاری پێبکات بە پێچەوانەوە ماڵی لایەنی یەکەمە کە کارگوزارەکە لەو کارە بکێشێتەوە بەرپرسیارێتی یاسای لە ئەستۆی لایەنی دووەمە ، هەروەها نابێت لایەنی دووەم ئەم کارگوزارە بنێرێتە دەرەوەی هەرێم لە کاتی هەر رووداوێک بەرپرس دەبێت بەرامبەر یاساو کۆمپانیا ، دەبێت شوێنی حەوانەوەی گونجاو خزمەتگوزاری تەندروستی و هۆیەکانی پەیوەندی کردن ( تەلەفۆن ) بە کەسە نزیکەکانیەوە لە وڵاتی خۆی لانی کەم لە مانگێکدا یەک جار .

٤- لایەنی دووەم بەرپرسیارە لە هەر کەم و کورییەکی مادی و مەعنەوی بەرامبەر بە کارگوزارەکە لە ڕووی سەلامەتی جەستەی ئەخلاقی و ئینسانی یەوە وە دەبێت پابەند بێت بە پاش مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەشێوەیەکی یاسای و رێزدارانە کە گونجاو بێت لەگەڵ عورفی کۆمەڵایەتی و یاسای وە بەکار نەهێنانی توندو تیژی بێ رێزی مادی و مەعنەوی و جەستەی یان هەر کارێکی تری یاسای و مرۆڤایەتی بەرامبەری بە پێچەوانەوە بە پێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت وە لایەنی دووەم هەڵدەستێت بە دیاری کردنی نوێنەری یاسای بە مەبەستی بەدواداچوونی کێشەکە ، لە حاڵەتی رووداوی دەست درێژی سێکسی دا ، ئەوا لایەنی دووەم دەبێت قەرەبووی کارگوزارەکە بکاتەوە بە پێدانی بری تەواوی موچەی مانگانەی هەموو ماوەی گرێبەستەکەو گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆی لەسەر حسابی لایەنی دووەم ، جگە لەسزای یاسای یان هەر مافێکی تری یاسای کە پێی دەبەخشرێت

٥- لایەنی دووەم دەبێت پێش واژوو کردنی گرێبەست و دەست پێکاربوونی کارگوزار لە زووترین کاتدا سەردانی لایەنە پەیوەندی دارەکان بکات بە مەبەستی دەرهێنانی کاتی مانەوەو کەفالەتی کردنی .بە پێچەوانەوە لایەنی دووەم بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر هەر ئیجرائاتێکی یاسای و غرامەو رسومات .

٦- لە کۆتای هاتنی ماوەی دیاری کراوی گرێبەستەکەدا لەسەر لایەنی دووەمە کە هەستێت بە دابین کردنی تکتی فرۆکە بۆ وڵاتی خۆی وە ئاگادارکردنەوەی لایەنی یەکەم ، رێکارە یاساییەکانی لە رێگای کارمەندی یاسای کۆمپانیاوە بۆ ئەنجام دەدرێت بە پێچەوانەوە کۆمپانیاکەمان بەرپرسیار نییە لە هەر کێشەو کەم و کورییەک لە ئیجرائاتی گەڕانەوەکەیدا روو بدات .

٧- لایەنی دووەم دەتوانێت خزمەتکارەکە بگەڕێنێتەوە بۆ کۆمپانیابە مەرجێک ئەو برە پارەیەی داوە بە کۆمپانیا لەگەڵ پارەی بلیتی فرۆکە بۆ گەڕانەوەی خزمەتکارەکە بۆ وڵاتی خۆی کۆدەکرێتەوەو پاشان دابەش دەکرێت بەسەر ( ٢٤ ) مانگدا چەنگ مانگ خزمەتکارەکە کاری کردبێت چەند غرامە هەبێت لەو پارەیە دەگێردرێتەوە کە داوێتی بە کۆمپانیاو باقی پارەکە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی دووەم .

٨- لە حاڵەتی کۆچی دوای کارگوزار یاخود کەئەدەت بوونی بە هۆی کارەکەیەوە پاش تەواو بوونی ئیجرائاتی یاسایی لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنی دووەم کە لەشەکەی یاخود خۆی بگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتی خۆی وە هەموو تێچوونێکی لە ئەستۆ بگرێت بە بێ گەڕانەوەی بۆ کۆمپانیا .

٩- ئەم گرێبەستە بۆ ماوەی ( یەک ساڵە ) لە بەرواری واژوو کردنی گرێبەستەکەوە کە قابیلی تازە کردنەوەیە بە مەرجێک کۆمپانیا ئاگادار بکرێتەوەو نوسراوی مۆرکراوی کۆمپانیای بۆ بکرێت بە پێچەوانەوە لایەنی یەکەم هیچ بەرپرسیارێتیەکی لە ئەستۆدا نامێنێت بەرامبەر کارگوزارو لایەنی دووەم وە هەر لایەنێکی تری حوکمی و نا حوکمی .

١٠- پێویستە لایەنی دووەم تەنها ( ٨ ) سەعات ئیش بە خزمەتکارەکە بکات

لایەنی سێیەم لایەنی دووەم لایەنی یەکەم

بەڕێوەبەری کۆمپانیا [redacted]

EMAIL: [redacted]

[redacted]

**الملخص**

هذه الدراسة جهد لتوضيح وتحديد مضمون حق عاملة المنزل الأجنبية في المعاملة بكرامة. ولهذا الموضوع أهمية خاصة نظرا لوجود عدد كبير من عاملات المنازل الأجنبيات في إقليم كوردستان-العراق، ومع ذلك لايوجد تنظيم قانوني خاص لعمال مجال الخدمة المنزلية وبالأخص للعمال الأجانب لكي يضمن حقوقهم بما في ذلك الحق في المعاملة بكرامة. ولهذا السبب جاءت الدراسة محاولة لتشخيص القصور التشريعي في هذا الجانب، ومن ثم ايجاد الحلول القانونية الملاءمة لها، اعتمادا على المنهج التحليلي المقارن. وغرضا للتعمق في الموضوع قسمنا الدراسة على مبحثين؛ المبحث الآول تناول فيه مفهوم حق عاملة المنزل الآجنبية في المعاملة بكرامة، أما المبحث الثاني فهو بعنوان مضمون الحق في المعاملة بكرامة. واخيرا اختتمت الدراسة بمجموعة من النتائج و التوصيات.



**الكلمات المفتاحية:** عاملة المنزل الأجنبية، المعاملة بكرامة، الكرامة في مكان العمل، الحياة الخاصة، الشخصية القانونية.

**Abstract**

This study is an effort to clarify and define the content of the foreign female domestic worker's right to be treated with dignity. This topic is of special importance, as there are a significant number of foreign female domestic workers who are working in the Kurdistan Region of Iraq. However, there is no special legal regulation for domestic service workers, particularly for foreign workers, to guarantee their rights including the right to be treated with dignity. From this point of view, the study attempted to identify legal vacuums, simultaneously address them by relying on the analytical comparative approach. Therefore, to dive deeper into the subject, our study was divided into two sections; the first section focused on the concept of the right of the foreign female domestic worker to be treated with dignity, while the second section is entitled the content of the right to be treated with dignity. At the end of the study, a bunch of critical results and recommendations were presented.



**Keywords:** foreign female domestic worker, treatment with dignity, dignity in the workplace, private life, legal personality.